Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian- Conf-Sajade, 22

# ڕۆڵی (عەلائەددین سەجادی) لەبواری ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنووسی کوردیدا گۆڤارەکانی (گەلاویژ و نزار) (١٩٣٩-١٩٤٩) بەنموونە

## توێژینەوەیەکی وەسفیی بەراوردکارییە

بەهادین ئەحمەد محەمەد نەوزاد سدیق محەمەد

بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

**پوختە**

ئەم توێژینەوەی بەردەستتان توێژینەوەیەکی ڕۆژنامەنووسییە، کە باس لەڕۆڵی کەسایەتییەکی ڕووناکبیری کورد دەکات لەبواری ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، کە ئەویش زانای ئایینی و نووسەر و ڕۆژنامەوان (عەلائەددین سەجادی) یە.

لەم توێژینەوەیەدا هەردوو گۆڤاری (گەلاوێژ و نزار)مان بەنموونە وەرگرتووە، کە لەبەغداد دەرچووە لەنێوان سالآنی (١٩٣٩-١٩٤٩)دا (واتە: لەماوەی ١٠ ساڵدا) ناوبراو بەڕێوەبەری نووسین و سەرنووسەریان بووە.

گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە لەوەدایە، تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی لەڕووی ڕۆژنامەوانییەوە توێژینەوە لەسەر ڕۆڵ و پێگەی (عەلائەددین سەجادی) لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ئەنجامنەدراوە. هەروەها هونەر (ژانر)ە ڕۆژنامەنووسییەکان و وتار و بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکانی لەهەردوو گۆڤاری ناوبراودا.

بۆیە ئامانج لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوە زانستییە هەوڵدانە بۆ دەرخستن و دەستنیشانکردنی ڕۆڵی ناوبراو لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا لەنێوان ساڵانی (١٩٣٩-١٩٤٩)دا.

لەلایەکی تریشەوە هەوڵدانە بۆ ڕووناکی خستنە سەر بەرهەم و هەوڵەکانی ناوبراو لەبواری پێشخستنی ڕووناکبیری کوردیدا لەڕێگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و بەرهەمەکانییەوە لەماوەی ڕابردوودا.

میتۆدی بەکارهێنراو لەلایەن توێژەرانەوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەیان بریتییە لەمیتۆدی وەسفی لەجۆری بەراوردکاری و مێژوویی.

*Article Info*

Received: May 2022
Accepted : June, 2022
Published :October,2022

*Keywords*

ڕۆڵ، عەلائەددین سەجادی، ڕووناکبیری، ڕۆژنامەنووسی کوردی.

Corresponding Author

bahadin.ahmed@spu.edu.iq
nozad.sidiq@spu.edu.iq

پێشەکی:

(عەلائەددین سەجادی) بە یەکێك لە کەسایەتییە دیارەکانی کورد مێژووی ڕووناکبیری و ڕۆژنامەنووسی کوردی بەچەندین قۆناغو سەردەمی جیاوازدا تێپەڕیوە. هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە تاوەکوو قۆناغی هاوچەرخی ئەمڕۆی، زۆر نووسەرو، ئەدیبو، ڕووناکبیرو ڕۆژنامەنووس ڕۆڵیان لەپێشخستنی ئەم کاروانەدا هەبووە. یەکێك لەو ئەدیبو، ڕووناکبیرو، نووسەرو ڕۆژنامەنووسانە (عەلائەدین سەجادی)یە، کە لە زۆربەی گۆڤارو بڵاوکراوە کوردییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابوردوودا بابەتی بڵاوکردووەتەوە، بەتەنیا خۆی ٤٤% کۆی کتێبو بەرهەمە کوردییەکانی لەسەردەمی خۆدا نووسیوە، بۆیە جێی خۆیەتی ئەم توێژینەوە سەربەخۆیەی لەسەر بکەین، کەباس لەڕۆڵی ئەو لەبواری پێشخستنی ڕووناکبیریی و ڕۆژنامەنووسی کوردی دەکات لەماوەی (١٠) ساڵدا (١٩٣٩-١٩٤٩) کە بریتییە لەدەرچوواندنی گۆڤارەکانی (گەلاوێژو نزار). جگە لەئاماژەدان بەسەرجەم ئەو کتێبو بڵاوکراوانەی، کە لەماوەی ژیانیدا نووسیەتی و چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت؛ کە لەبەشی یەکەمدا باس لەمیتۆدنامەی توێژینەوەکە کراوە لەڕووی خستنەڕووی کێشەی توێژینەوە، گرنگیو بایەخی، ئامانجەکانیو میتۆدی بەکارهاتوو...هتد. بەشی دووەم تایبەتە بە ژیانی تاکەکەسی و ڕۆڵی (عەلائەدین سەجادی) لەبواری پێشخستنی ڕووناکبیری کوردیدا، کەسەرجەم کتێبو بەرهەمەکانی تێدا خراوەتەڕوو. هەروەها بەشی سێیەم تایبەتە بە ڕۆڵی سەجادی لەبواری ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، کە گۆڤارەکانی (گەلاوێژو نزار)ی بەوردی تێدا خراوەتەڕوو، کە لەلایەن ئەووە دەرکراوە. لەکۆتایی توێژینەوەکەدا دەرەنجام و پێشنیازو ڕاسپاردەکان خراوەتەڕوو. جگە لەسەرچاوەکانو ژێدەرەکانی توێژینەوەکە.

بەشی یەکەم/ میتۆدنامە:

یەکەم/ کێشەی توێژینەوەکە:

مێژووی ڕووناکبیریو ڕۆژنامەنووسیو هەروەها ژیانو ڕۆڵی کەسێتییە ڕووناکبیرییەکانی کورد جۆرێك لەدابڕانو ناڕوونیو تەمومژ لەسەریان هەیە. یەکێك لەوانە مامۆستا (عەلائەدین سەجادی)یە، کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بە فەقێیەتیو بەمەبەستی خوێندنی ئایینی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ڕووی کردۆتە باشووری کوردستانو نەگەڕاوەتەوە. سەرەتا لە سلێمانیو دواتر لەبەغداد گیرساوەتەوە. ژیانی تاکەکەسیو ڕووناکبیریی ناوبراو، دەرکەوتنو هەڵکەوتنی لەباروودۆخێکی مێژوویی ژینگەیەکی جوگرافی تایبەتو جیاواز لەئێستادا وەکو ئەدیبو نووسەرو ڕۆژنامەنووسێك جێی لێتوێژینەوەو بەدواداچوونی وردو هەڵوەستە لەسەرکردنە لەدیدێکی ئەکادیمی زانستییەوە پاڵپشت بەبەڵگەو زانیاریو سەرچاوەی باوەڕپێکراو، بۆیە ئەم توێژینەوە زانستییە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕۆڵی ناوبراو لەمەیدانی ڕووناکبیریو ڕۆژنامەنووسی کوردیدا بەتایبەت لەدەرکردنی گۆڤارەکانی (گەلاوێژو نزار لەبەغداد لەنێوان ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٩)دا.

دووەم /گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە:

باس لە ڕۆڵی نووسەرو ئەدیبو ڕووناکبیرێکی کورد دەکات، کەئەویش (عەلائەدین سەجادی)یە بەتایبەت لەبواری ڕووناکبیریو ڕۆژنامەوانی کوردیدا لەهەلومەرجو قۆناغێکی مێژوویی تایبەتدا کە حوکمی پاشایەتییە لەعێراقدا.

سێیەم/ ئامانجی توێژینەوەکە:

١-هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆڵی (عەلائەدین سەجادی) لەبواری ڕووناکبیری کوردیدا لەڕێگەی خستنەڕووی کتێبو بەرهەمە هەمەجۆرەکانییەوە.

٢-دەستنیشانکردنی ڕۆڵی سەجادی لەبواری پێشخستنی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا بەتایبەت دەرکردنی هەردوو گۆڤارەکانی (گەلاوێژو نزار).

٣-دەستنیشانکردنی وتارە ئەدەبیو ڕۆژنامەنووسیەکانی عەلائەدین سەجادی لە (گەلاوێژو نزار) گۆڤارەکەدا وێڕای هونەرە ڕۆژنامەنووسییەکانی.

چوارەم/ جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەیان بەشێوەیەکی زانستی میتۆدی وەسفییو مێژووییان بەڕێگەی (شیکاری) بەکارهێناوە.

پێنجەم/ بوارەکانی توێژینەوەکە:

١-بواری شوێن/عێراق-بەغداد

٢-بواری کاری/ نێوان ساڵانی (١٩٣٩-١٩٤٩(

٣-بواری مرۆیی/کەسێتیی (عەلائەدین سەجادی) ، وەکوو ڕووناکبیرو نووسەرو ڕۆژنامەنووس.

٤-بواری بابەت: وتارە ئەدەبیی و ڕۆنامەنووسیەکانی (عەلائەدین سەجادی)

شەشەم/ کۆمەڵ و نموونەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵی توێژینەوەکە بریتییە لە گۆڤارە بڵاوکراوە کوردییەکانی ساڵانی (١٩٣٩-١٩٤٩) لە بەغداد، نموونەی توێژینەوەکەش پێکهاتووە لە گۆڤارەکانی: (گەلاوێژ و نزار)، بەشێوەیەك (١٠٨) ژمارەی گەلاوێژ لە (٩٩) بەرگ و (٢) ژمارەی نزار وەرگیراون.

حەوتەم/ توێژینەوەکانی پێشوو:

ئەم توێژینەوە تایبەتو سەربەخۆیە بەدەرخستنی ڕۆڵی (عەلائەدین سەجادی) لەبواری ڕووناکبیریو ڕۆژنامەنووسی کوردیدا. ئەو توێژینەوانەی، کەپێشتر لەلایەن توێژەرانەوە کراوە، زیاتر لە ڕووی توێژینەوەی ئەدەبییەوە بووە یان ڕۆڵی لە ڕووی گەشەپێدانی ئەدەبی کوردییەوە خراوەتەڕوو لەوانە:

بەشی دووەم/ تیۆرینامە

دەروازەی یەکەم/ ژیانی تاکەکەسی عەلائەددین سەجادی

ناوی عەلائەددین کوڕی نەجمەدین کوڕی عیسامەددینە. لەبنەماڵەی ناوداری (سەججادی)یە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەساڵی ١٩٠٧ ی زایینی لەشاری سنە هاتۆتە دنیاوە و لەکۆشی خێزانێکی ئایینپەروەردا پەروەردەکراوە. بۆ درێژەدان بەخوێندنی ئایینی بەفەقێیەتی لەساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕوویکردۆتە باشووری کوردستان(سەجادی، 1987، ل٥). ساڵانی (١٩١٨-١٩٢١) لەباڵەك و ڕەواندز خوێندوویەتی، پاشان ساڵی (١٩٢٣) هاتۆتە شاری سلێمانی. لەهەردوو (مزگەوتی شێخ

جەلال) و مزگەوتی (حاجی مەلا ڕەسوڵی دێلێژە) بەفەقێیەتی دامەزراوە(ساڵەح، ، ٢٠٠٠، ل٨). تاوەکو لەساڵی (١٩٣٨)ی زایینی دا ئیجازەی مەلایەتی (مۆڵەتی زانستە شەرعییەکان)ی لەسەر دەستی (مەلا شێخ باباعەلی تەکیەیی) دا وەرگرتووە. دواتر چۆتە بەغداد و لەمزگەوتی (نەعیمە خاتوون) لەگەڕەکی مەیدان بووە بەپێشنوێژ. لەبەغدادیش لای مامۆستایان (شێخ ئەمجەد زەهاوی و مەلا محەمەدی قزڵجی) بەهەندێ لەزانستە ئیسلامییەکاندا چۆتەوە(ڕۆڤار، ژمارە ٢٨، ل٣.(

سەبارەت بەڕەچەڵەك و بنەچەی سەجادی، ڕاستییەکەی ناوبراو لەژیانی خۆیدا زۆر باسی نەدەدا بەدەستەوە، بەڵکو لەژیانی خۆیدا هەندێ شتی ئەشاردەوە. بەگشتی لەلای مەلا و فەقێکانی ئێمە ئەوانەی لەبنەچەدا ئێرانی بوون هەمیشە گرێیەك هەیە، لەبەر ڕژێمی عێراق و لەترسی گرتن و ناردنەوەیان بەردەوام ئەیانویست وا پیشانبدەن کە عێراقین، چونکە لەڕژێمەکانی پێشووی عێراقدا جارجار ناردنەوەی ئێرانی هەبوو. بۆیە سەجادیی داوا لە (عیزەت ئەفەندی عیرفان) بەڕێوەبەری ناحیەی چوارتا دەکات دەفتەر نفوس (تەسکەرە)ی عێراقی بۆ دەربهێنێت، گوایە باراوییە و خەڵکی گوندی باراوەو لەوێ لەدایکبووە، بەڵام ڕاستییەکەی وانییە، بەڵکو دایکی لەشێخەکانی باراوە(سەروا، ژمارە ٥، ل٤). هەر بۆیە هەندێ زانیاری هەڵە و تێکەڵییەك سەبارەت بەساڵ و شوێنی لەدایکبوونی درووستبووە و هەندێك وایان لەقەڵەمداوە کە ناوبراو لەساڵی (١٩١٥) لەگوندی (باراو) لەدایکبووبێت(زەنگەنە، ٢٠١٠، ل٢٨٢)، بەڵام لەڕاستییدا سەجادی لەساڵی (١٩٠٧) دا لەگەڕەکی (قەتارچیان) لەشاری سنە لەدایکبووە. بنەماڵەی ناوبراو لەبنەڕەتدا هەورامین و، خەڵکی دێی (کەڵجی)ن و دواتر هاتوونەتە شاری سنە و تێیدا نیشتەجێبوون. لەوێ بوون بەمەلا و زانای ئایینی و پیاوی گەورەیان تێدا هەڵکەوتووە(سەروا، ژمارە ٥، ل٤.(

کاتێك سەجادی ڕوویکردۆتە بەغداد بەشداری لەدامەزراندنی یانەی سەرکەوتنی کوردان لەساڵانی سییەکان دا کردووە. هەروەها ساڵی (١٩٧٢) ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد بووە(سەجادی،1987 ، ل٥). لەساڵی (١٩٥٩)دا بەمەرسومێکی سەرۆکایەتی لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا بۆتە مامۆستای وێژە و مێژووی کوردی لەبەشی کوردی لەکۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداد، تاوەکو ساڵی (١٩٧٤) بەردەوام بووە لەکارەکەی. لەو ساڵەوە بۆتە ئەمینداری گشتیی وەزارەتی ئەوقافی عێراق و سێ ساڵ (واتە: تاوەکو ساڵی ١٩٧٧) لەو پۆستەدا ماوەتەوە. دواتر خانەنشین کراوە(ساڵەح، ، ٢٠٠٠،ل٨-٩).

سەجادی لەساڵی (١٩٣٩)دا چۆتە مەیدانی ڕۆژنامەنووسییەوە. لەساڵی (١٩٤١) دا بۆتە بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (گەلاوێژ) لەبەغداد تاوەکو داخستنی گۆڤارەکە لەساڵی (١٩٤٩) دا و بۆ ماوەی (١٠) ساڵ لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد دا لەسەر کارەکەی بەردەوام بووە. لەساڵی ١٩٤٨ دا گۆڤاری (نزار)ی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەبەغداد دەرکردووە و خۆی سەرنووسەری بووە، کە گۆڤارێکی هەفتانەی سیاسیی بووە و لەساڵی (١٩٤٩)دا داخراوە(ڕۆڤار، ژمارە ٢٨، ل٣-٤.(

ئێوارەی پێنج شەممە مەرگ یەخەی پێدەگرێت و، لەتەمەنی (٧٧) ساڵیدا و لەڕۆژی (١٩٨٤/١٢/١٤)دا لەبەغداد کۆچی دواییکردووە و، لەگۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لەنزیك گۆڕی شێخ عەبدوڕڕەحمانی ئەبولوەفای نەقشبەندی و، شێخ ڕەزای تاڵەبانییەوە تەرمەکەی بەخاك سپێردراوە(ساڵەح، ، ٢٠٠٠،ل٩).

**دەروازەی دووەم/ ڕۆڵی عەلائەددین سەجادی لەبواری ڕووناکبیری کوردیدا**

عەلائەددین سەجادی یەکێکە لەنووسەر و ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیرەکانی گەلی کورد لەسەدەی بیستەمدا، کە بە خامە ڕەنگینەکەی چەندین کتێب و بەرهەمی هەمەجۆری ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەئامانجی پێشخستنی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی لەماوەی ڕابردوودا نووسیوەوە.

هەروەها هەوڵی هوشیارکردنەوەی تاك و کۆمەڵگەی کوردەواری و ڕۆشنبیریکردنیانی داوە لەزمان و وێژە و مێژو و فەرهەنگی نەتەوەکەیان. لەهەمان کاتدا هەوڵی دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی داوە بەسەرچاوەی هەمەچەشنە داوە لەڕێگەی نووسین و پێشکەشکردنی کۆمەڵێك کتێب و بەرهەمی هەمەجۆر و ناوازەوە بەشێوەیەك لەماوەی ٣١ ساڵدا زیاتر لە ٢١ کتێب و بەرهەمی لەمڕووەوە داناوە. لەدوای زانای ئایینی پایەبەرز و موفتی گشتیی عێراق عەللامە (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) بەدووەم نووسەری کورد دادەنرێت کە زۆرترین کتێب و بەرهەمی بەزمانی کوردی نووسیوە، بەتەنیا نزیکەی ٤% ی کۆی کتێب و سەرچاوە کوردییەکانی سەردەمی خۆی نووسیووە، کە تێکڕا (٥٣٦٦) لاپەڕەن(سەجادی،1987 ، ل٥-٦).

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی بڕوانینە کۆبەرهەمەکانی سەجادی، دەبینین زۆربەیان دەربارەی ئەدەبی کوردین و هەندێکیشیان لەخانەی کەلەپوور و فۆلکلۆردا دادەنرێن. زیاتر لە چل ساڵ خەریکی زیندووکردنەوەی کەلەپوور و زمان و ئەدەب و مێژووی گەلەکەی بوو. تێکۆشانی بەردەوامی ئەم زانا ئایینییە نەیهێشت کە گەنجینەی کەلەپووری نەتەوەی کورد بفەوتێ. لەگرنگترین کتێب و بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەمانەی لای خوارەوەن، کە لەنێوان ساڵانی (١٩٥٢-١٩٨٣)دا نووسیویەتی و چاپکراون(ڕۆڤار، ژمارە ٢٨، ل٣-٤:(

١-مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٥٢.

٢-ناوی کوردی، بەغداد، ١٩٥٣.

٣-ڕشتەی مرواری، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بەغداد، ١٩٥٧.

٤-ڕشتەی مرواری، بەرگی دووەم، بەغداد، ١٩٥٧.

٥-ڕشتەی مرواری، بەرگی سێیەم، بەغداد، ١٩٥٨.

٦-ڕشتەی مرواری، بەرگی چوارەم، بەغداد، ١٩٦٨.

٧-ڕشتەی مرواری، بەرگی پێنجەم، بەغداد، ١٩٧٢.

٨- ڕشتەی مرواری، بەرگی شەشەم، بەغداد، ١٩٧٩.

٩- ڕشتەی مرواری، بەرگی حەوتەم، بەغداد، ١٩٨٠.

١٠- ڕشتەی مرواری، بەرگی هەشتەم، بەغداد، ١٩٨٣.

١١-دەستوور و فەرهەنگی زمانی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٦٢.

١٢-ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی، بەغداد، ١٩٦٨.

١٣-گەشتێك لەکوردستانا، چاپی دووەم، بڵاوکەرەوەی کوردستان، سنە، ئێران، ٢٠٢٠.

١٤-نرخ شناسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٦٩.

١٥-دوو چامەکەی نالی و سالم، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٧٣.

١٦-مێژووی ڕاپەڕینی کورد، چاپی دووەم، بڵاوکەرەوەی محەمەدی، سەقز، ئێران، ١٩٩٦.

١٧-کوردەواری، چاپی دووەم، بڵاوکەرەوەی کوردستان، سنە، ئێران، ٢٠١٩.

١٨-هەمیشە بەهار، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٦٠.

١٩-دەقەکانی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٨.

٢٠-خۆشخوانی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد، ١٩٧٨.

٢١-بە یادی کۆچی ئەمین زەکی بەگ، ١٩٤٨، نامیلکە، ٨٠ لاپەڕەیە.

٢٢-بە یادی پیرەمێرد، ١٩٥١، نامیلکە، ١١٢ لاپەڕەیە.

٢٣-گێتی زیندەوەر، چاپی یەکەم، بڵاوکەرەوەی کوردستان، سنە، ئێران، ٢٠٠٨.

هەروەها بەرگی دووەمی (دەقەکانی ئەدەبی کوردی) ماوە چاپ بکرێت و، هێشتا بەدەستنووسی ماوەتەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا سەرجەم بەرگەکانی (٨ بەرگ) کتێبی (ڕشتەی مرواری) لەیەك بەرگدا چاپکراوەتەوە لەشاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٨ دا. بەم دواییانەش ئەکادیمیای کوردی لەهەولێر بەهاوبەشی بنکەی ژین لەسلێمانی لەساڵیادی کۆچی دوای (سەجادی) دا هەوڵی چاپکردنی (بەرگی ٩)ی دەستنووسی دوا بەرگی زنجیرە کتێبی (ڕشتەی مرواری) ڕاگەیاند.

دەروازەی سێیەم/ ڕۆڵی عەلائەددین سەجادی لەبواری ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا (گۆڤارەکانی گەلاوێژ و نزار بەنموونە)

سەججادی لەساڵی ١٩٣٩دا چۆتە مەیدانی ڕۆژنامەنووسییەوە. لەساڵی ١٩٤١ دا بۆتە بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (گەلاوێژ) لەبەغداد تاوەکو داخستنی گۆڤارەکە لەساڵی ١٩٤٩ دا و بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لەگەڵ مامۆستا برایم ئەحمەد دا لەسەر کارەکەی بەردەوام بووە. لەدوای ڕاپەڕینی وەسبەی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ دا گۆڤاری (نزار)ی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەبەغداد دەرکردووە و خۆی سەرنووسەری بووە، کە گۆڤارێکی هەفتانەی سیاسیی بووە و لەساڵی ١٩٤٩ دا داخراوە.

لێرەوە بەدوور و درێژی تیشك دەخەینە سەر گرنگی و بایەخ و هەلومەرجی دەرچوونی هەردوو گۆڤارەکە و ڕۆڵی ناوبراو لەدەرکردنیاندا. هەروەها سەرجەم ئەو وتار و بابەتانەی کە تێیاندا بڵاوی کردوونەتەوە.

* ناساندنی گۆڤاری نزار :(NIZAR)

یەکەم/ ڕووخسار و زمانی گۆڤارەکە و ژمارەکانی:

نزار لەبەرگی دەرەوەیدا بەکوردی و عەرەبی نووسراوە: (گۆڤارێکی حەفتەیی سیاسی کوردی و عەرەبی یە). (مجلة اسبوعية سياسية جامعة تصدر باللغتين العربية والكردية).

یەکەم لاپەڕەی ناوەوەشی، جگە لەو دوو ناوونیشانە، بەزمانی ئینگلیزیش نووسراوە:

(NIZAR a weekly political review published in Baghdad in Arabic and Kurdish)

هەرچەندە لەسەر گۆڤارەکە نووسراوە هەفتانەیە، بەڵام نیو مانگ (واتە: ١٥ڕۆژ) جارێك دەرچووە.

تێکڕا ٢٢ ژمارەی لێدەرچووە. لەنێوان (١٩٤٨/٣/٣٠ تاوەکو ١٩٤٩/٢/١٥) لەبەغداد لەچاپخانەی (مەعاریف) چاپکراوە. تیراژی دیار نییە و نەنووسراوە هەر ژمارەیەکی چەند (نوسخە) دانەی لێ چاپکراوە؟

پێوانەی گۆڤارەکە بەگشتی (٢٢,٥ × ٣٠ سم) بووە. هەر ژمارەیەکی (٢٤) لاپەڕەیە. بەشی عەرەبی بەگشتی دوو ئەوەندەی بەشە کوردییەکەیەتی. (واتە: ١٦ لاپەڕەی بەعەرەبی و ٨ لاپەڕەشی بەکوردی بووە). بەشە کوردییەکەی بەشێوەزاری کرمانجی خواروو (سۆرانی) و زیاتر زمانی ناوچەی سلێمانی پەیڕەو کردووە. ناوی (نزار)یش بەخەتی (نوسخ) خۆشنووسی ناوداری بەغدادی (سەبری هیلالی)یەوە نووسیویەتی(ساڵەح، ٢٠٠٠، ل٧).

لەسەر بەرگی هەموو ژمارەکانی وێنەی دارستان یاخود دیمەنی سرووشتی شاخ و دەشت و چیاکانی کوردستان بەنیگاری دەستی کێشراوە. (مامۆستا بەدیع باباجان)ەوە نەخشاندوویەتی(ساڵەح، ٢٠٠٠، ل٧).

هەموو ژمارەکانی پێرستی ناوەڕۆکی وتار و بابەتە بڵاوکراوەکانی لەکۆتایی گۆڤارەکە و، لەژمارەکانی دواتردا لەسەرەتای گۆڤارەکەدا دانراوە. بەرگی هەندێك لەژمارەکانی ڕەش و سپین . هەندێکی تریان بەڕەنگەکانی (سەوز، شین و مۆر) ڕەنگکراون.

دووەم/ خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسینی:

سەرجەم ژمارەکانی (عەلائەدین سەجادی) خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری بووە. پارێزەر (مەحمود سنەوی) بەڕێوەبەری نووسینی بووە، بەڵام ناوی دەستەی نووسەرانی لەسەر نەنووسراوە(نزار، ژمارە ١، ل١).

سێیەم/ نووسەرەکانی:

بەگشتی نووسەرەکانی بەشی عەرەبی گۆڤارەکە، کە بەئاشکرا و بەناوی خۆیانەوە وتار و بابەتیان بڵاوکردۆتەوە. بریتی بوون لەمانە: (بەکر عومەر یەحیا (دلێر)، بەهیە فەرەجوڵڵا، پاکیزە ڕەفیق حیلمی، پەروین مستەفا، عەبدوسەمەد خانەقا و عەبدولعەزیز خانەقا و...هتد).

هەروەها نووسەرانی بەشی کوردیش کە نزیکەی ٢٠ نووسەرن، جگە لەوانەی کە بەناوی خوازراو یان بەپیت یاخود بەبێ ناو وتار و بابەتیان لەبەر باری توندی ئەمنی و هۆکاری سیاسی و بوونی چاودێری توندی ڕۆژنامەوانی لەسەر گۆڤارەکە و نووسەران بڵاوکردۆتەوە.

لەوانەی کە بەناوی خۆیان و بە ئاشکرا بڵاوکردۆتەوە:

(عەلائەدین سەجادی، محەمەد سەعید خەفاف، موحەڕەم محەمەد ئەمین، کەمال محەمەد ئەمین، شاکرفەتاح، ڕەفیق چالاك، محامی ئازاد، ئەحمەد شاڵی، نوری ئەمین مەحمود، عەلی کەمال، تاهیر بەهجەت مەریوانی، ئەمین زەکی بەگ، پاکیزە ڕەفیق حیلمی، پەروین مستەفا، جەلال خەیلانی، بەکر عومەر دلێر، ئیبن خەلەکان، محەمەد عەلی، فایەق عەقراوی، عەبدوسەمەد خانەقا و عەبدولعەزیز خانەقا و...هتد ).

چوارەم/ ناوی گۆڤارەکە (نزار):

واتای ناوی گۆڤارەکە، کە (نزار)ە لەفەرهەنگی کوردیدا بە ٣ واتا لێکدراوەتەوە(نزار، ژمارە ٣، ل١٢):

١-دارستانی چڕوپڕ.

٢-بەر ڕۆژ، ئەو لایەی چیا و قەدپاڵی کەژ و کێو کە تیشکی خۆر بەری ناکەوێت. نسار و نسێ و دیوی سێبەری شاخە.

٣-لوتکەی ئەو چیا بەرزەی کە سەختە و مرۆڤ بەزەحمەت دەیگاتێ.

پێنجەم/ نرخ و تیراژی:

نرخی هەر دانە (نوسخە)یەکی هەروەکو لەسەری نووسراوە (٤٠ فلس) بووە. تیراژی ژمارەی چاپکراوی هەر ژمارەیەکی دیارنییە. ئابوونەی ساڵانەی لەنێو عێراقدا ٢ دینار و لەدەرەوەیدا ٢,٥ دینار بووە(نزار، ژمارە١، ل١.(

شەشەم/ گرنگی و بایەخی:

بایەخی ئەم گۆڤارە لەوەدایە، کە یەکەمین گۆڤاری سیاسی کوردییە لەعێراق دا دەرچووبێت، هەرچەندە ئەمە خۆی لەخۆیدا گرنگییەکی مێژوویی و ئەرشیفی پێدەبەخشێت، بەڵام لەهەمان کاتدا لەڕێگەی ئەم گۆڤارەوە لەگوتاری سیاسی ئەو کاتەی کورد تێدەگەین بۆ دەربڕینی ماف و خستنەڕووی داخوازییەکانی ئەوسای گەلەکەمان، لەسەردەمانێکدا کە بەهۆی ڕاپەڕینی (وەسبەی کانوونی ١٩٤٨)ەوە نیمچە ئازادییەك لەعێراقدا هاتەکایەوە، عەلادین سەجادی و ڕۆژنامەوانانی ئەو سەردەمە ئەو هەلەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی بەجورئەتێکی لێوەشاوەوە و بەزمانێکی کوردانە ڕا و سەرنج و بۆچوونەکانی خۆیان سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتووری گەلەکەمان لەو قۆناغەدا بخەنەڕوو.

حەوتەم/ ئامانجەکانی دەرچوونی:

هەر لەیەکەم ژمارەیدا لەسەروتاریدا لەژێر ناوونیشانی (اهدافنا) ئامانجمان. سەرنووسەرەکەی لەکۆتاییدا بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی، ئامانجەکانی دەرچوونی گۆڤارەکەی بەفەرمی و بەئاشکرا بە ٣ خاڵ دەستنیشانکردووە، کە ئەمانەی لای خوارەوەن(سەجادی، ١٩٤٨، ل١٤:(

١-بەهێزکردنی برایەتی کورد و عەرەب و پێشخستنی عێراقی نیشتمان.

٢-پرکردنەوەی ناتەواویی میللەت و وڵات لەڕووی دین، سەقافەت، سیسەت و ئیجتماعەوە.

٣-سەرزەنشتکردنی ئەو کەسانە کە نیازیان خراپە بەرامبەر عێراق و دانیشتوانی. وە لەپێناوی مەنفەعەی شەخسیدا چاو لەمەنفەعەتی گشتی ئەپۆشن وە بەتەنگ ئەوەوە نین کە میللەت و وڵات زیانی پێ بگا.

هەروەها بەخوێندنەوە و لێوردبوونەوە لەناوەرۆکی هەواڵ و وتار و بابەتەکانی ژمارەکانی گۆڤارەکە دەتوانین بڵێین ئەم ئامانجانەی تریشی هەبووە:

١-چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردەیی لەکوردستاندا لەوانە چارەسەرکردنی کێشەی بارزانییە دوورخراوەکان.

٢-پێویستی خوێندن بەزمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبییدا لەعێراق و کوردستاندا و، کردنەوەی زیاتری قوتابخانە و خوێندنگە بۆ خوێندکارانی کورد لەکوردستاندا.

٣-پێویستی خوێندنی زمان و مێژووی کورد لەقوتابخانەکانی عێراقدا بەمەبەستی ئاشناکردنی تاکی عێراقی بەتایبەت خوێندکارانی عەرەب و نەوجەوانی کورد بەزمان و ئەدەب و مێژووی گەلەکەیان.

٤-پێویستی کردنەوەی بەشی کوردی لەکۆلێجی ئادابی زانکۆی بەغداد و ئەکادیمیای کۆڕی زانیاری عێراق.

٥- پرۆژەی چارەسەرکردنی کێشەی تووتن و گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار و پرۆژەی ئاو لەکوردستان.

٦-بەکارهێنانی سامانی ئاو بۆ دروستکردنی وزەی کارەبا و بایەخدان بەسامانی کانزایی لەکوردستان.

٧-پێشنیازی پرۆژەی لەقوتوونان و وشککردنەوەی میوە و پەرەپێدان بەبەرهەمی خۆماڵیی کوردستان.

هەشتەم/ هەلومەرجی دەرچوونی گۆڤارەکە:

سەبارەت بەهەلومەرجی دەرچوونی گۆڤاری نزار لەساڵی ١٩٤٨ دا لەدوای ڕەتکردنەوەی پەیمانی (پۆرتسمۆس) لەگەڵ ئینگلیزدا لەلایەن گەلانی عێراقەوە لەڕۆژی (١٩٤٨/١/١٥)دا لەڕێگەی زنجیرەیەك مانگرتن و خۆپیشاندان و، دواتر ڕاپەڕینی (وبە)ی کانوونی حکومەتی (ساڵەح جەبر)یان لەڕۆژی (١٩٤٨/١/٢٧)دا ناچارکرد دەستلەکار بکشێنێتەوە. بەمە پەیمانەکە پووچەڵکرایەوە و حکومەتێکی نوێ بەسەرۆکایەتی (محەمەد سەدر) لە ٢٩ی کانوونی دووەمدا پێکهات. کەشێکی ئازاد بۆ بیرورا دەربڕین و کاری ڕۆژنامەنووسی هاتە کایەوە(الحسني،١٩٧٨، ص٢٨١).

لەو ساڵەدا (واتە: لەساڵی ١٩٤٨)دا نزیکەی ٥٠ ڕۆژنامە و گۆڤار مۆڵەتی دەرچوونیان وەرگرت(حسون،٢٠٠٨، ص١٢٠)، کە یەکێکیان گۆڤاری (نزار) بوو. هاوکات گۆڤاری سلێمانی لەشاری سلێمانی و گۆڤاری هەتاو لەشاری هەولێر دەرچوون.

نۆیەم/ سانسۆر و چاودێری لەسەر گۆڤارەکە:

لەسەرەتادا گۆڤارەکە چاودێری و سانسۆری کەم لەسەربووە، بەڵام دواتر کە خوێنەر و جەماوەری زۆربووە و، کۆمەڵێك نووسەری دیار و بەتوانا تێیدا نووسیویانە. هەواڵ و وتار و بابەتەکانی کاریگەری و کاردانەوەی گەورەیان لەناو جەماوەردا و لەسەر حکومەت و دەسەڵاتدارانیش هەبووە. بۆیە هەروەکو دەردەکەوێت لە ژمارە (١٥)ەوە سانسۆر و چاودێری توندیان خستۆتە سەر گۆڤارەکە و فشارەکان زیادیان کردووە بەلابردن و سڕینەوەی هەندێ وتار و بابەت لەلایەن بەشی چاودێری و سانسۆری چاپەمەنییەوە و دوای چاپکردنی گۆڤارەکە لەچاپخانە لاپەڕەکانی بەسپێتی ماونەتەوە. بۆ نموونە: وتاری عەرەبی (اقرأ ما شئت) لەو ژمارەیەدایە لەلاپەڕەی پێرستی بابەتەکاندا هەیە، بەڵام لەناوەوە لابراوە کە ٣ لاپەڕەی شوێنەکەی سپییە.

لێرەدا (سەجادی) سەرنووسەرەکەی ئەمەی وەکو خۆی هێشتۆتەوە بۆ خوێنەرانی لەڕابردوودا و ئێمەی توێژەران لەئێستادا وەکو بەڵگەی گەواهیدەری بوونی سانسۆری توند لەسەر گۆڤارەکەی. ئەمەش بەهەوڵێکی ورد و زیرەکانە و دووربینی سەجادی بۆ ئایندە دادەنرێت. کە دواتر بەقازانجی گۆڤارەکە شکاوەتەوە وەکو پەیامێك بەگوێی خوێنەرانیدا داوە لەو سەردەمەدا کە خوێنەر و کڕیاری گۆڤارەکە و جەماوەری زیادی کردووە!

دەیەم/ داخران و وەستانی گۆڤارەکە:

(نوری سەعید) سەرۆك وەزیرانی نوێی عێراق دوای پێکهێنانی کابینەی حکومەتەکەی لەڕۆژی (١٩٤٩/١/٦)دا جارێکی تر ئازادی ڕۆژنامەوانی و ڕادەربڕینی لەوڵاتدا قەدەغەکرد و سانسۆر و چاودێری توندی خستەسەر ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان. بۆیە دادگای عورفیی سەربازی لەبەغداد لەڕۆژی (١٩٤٩/٨/١٤) دا فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی (٢٣٧) ڕۆژنامە و گۆڤاری دەرکرد، کە گۆڤاری نزاریش لەڕیزی ئەوانەدا بوو(حسون،٢٠٠٨، ص١٢٧).

یانزدەیەم/ هونەر (ژانر)ە ڕۆژنامەوانییەکان لەگۆڤاری نزاردا :

لەگرنگترین هونەر (ژانر)ە ڕۆژنامەوانییە بڵاوکراوەکان لەگۆڤاری نزاردا لەم خشتیەی لای خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

| ز. | جۆرەکانی هونەری ڕۆژنامەنووسی | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هەواڵ | 273 | 50.55 | یەکەم |
| 2 | ڕاپۆرتە هەواڵ | 21 | 3.88 | چوارەم |
| 3 | چاوپێکەوتن | 1 | 0.185 | پێنجەم |
| 4 | وتار | 132 | 24.44 | دووەم |
| 5 | ڕیکلام و ئاگاداری | 113 | 20.92 | سێیەم |
| سەرجەم | | 540 | 100% | |

خشتەی (١) هونەر (ژانر)ە ڕۆژنامەنووسییەکان لەگۆڤاری نزاردا

بەحوکمی ئەوەی گۆڤاری نزار گۆڤارێکی هەفتانەی سیاسی بووە.، لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی هونەری ڕۆژنامەنووسی و ژانرەکانییەوە هەوڵیداوە خوێنەرانی لەبارودۆخی سیاسی و ڕووداوەکان ئاگادار و هوشیاربکاتەوە، بۆیە بەپلەی یەکەم بایەخی بەبڵاوکردنەوەی هەواڵی سیاسی داوە کە بەدووبارەی (٢٧٣) هەواڵ و ڕێژەی ٥٠,٥٥% دێت. لەوانە (١٨٦) هەواڵیان هەواڵی دەرەوە و (٨٧) یان هەواڵی ناوخۆ بوون.

بۆ کۆکردنەوە و دەستکەوتنی هەواڵ و زانیاری ئیدارەی گۆڤارەکە لەهەندێ شار و ناوچە پەیامنێری تایبەتی هەبووە، کە لەمڕووە هاوکاری کردوون. هەروەك هەندێ جار ناویان لەسەر ڕووپەڕی گۆڤارەکەدا هاتووە لەوانە: (ڕەفیق چالاك) پەیامنێری سلێمانی(نزار، ژمارە ١، ل١٩ و ل٢٣)، (جەلال خەیلانی) پەیامنێری ڕەواندز. هەروەها ژمارە ٢، ١٥ نیسان ١٩٤٨، ل١٩ و ل٢٢)( نزار، ژمارە ١٥، ل١٩)، (دلێری ئەندازیار) پەیامنێری میسر و (دکتۆر ب.ت.مەریوانی) پەیامنێری ئەمریکا. هەروەها زۆرجار خودی سەرنووسەرەکەی (سەجادی) ڕۆڵی هەواڵساز و ڕیپۆتیۆری بینیووە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسانی حکومی و پەرلەمانتاراندا لەبەغداد و شارەکانی تر ئەنجامداوە. هەروەك لە ژمارە (١٢)ی گۆڤارەکە بەدواوە زنجیرەك سەردانی بۆ شارەکانی سلێمانی، کۆیە و هەولێر ئەنجامداوە(نزار، العدد ١١، ص١٢. نزار، العدد ١٢، ص١٣. نزار، ژمارە ١٣،ل٢٠-٢١. نزار، العدد ١٥،ص١٢. نزار، ژمارە ١٥ ل١٧-٢٢). پاشان بەپلەی دووەم گۆڤارەکە بایەخی بەبڵاوکردنەوەی وتار داوە کە ژمارەیان (١٣٢) وتارە و بەڕێژەی ٢٤,٤٤% دێت.

بەمەبەستی پاڵپشتی دارایی و بەردەوامی دەرچوونی گۆڤارەکە بایەخی بەبڵاوکردنەوەی ڕیکلام و ئاگاداری داوە، کە نرخی ڕیکلام بۆ یەك ستوون (٢٠٠) فلس بووە (واتە: ٥ ئەوەندەی نرخی دانەیەك لەگۆڤارەکە کە نرخی ٤٠ فلس بووە). لەمڕووەوە بەبەردەوامی نزار ڕیکلامی وێنەداری بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بۆ کۆمپانیای بازرگانی و کارگە و کۆگا و فرۆشگا و بەرهەمی هەمەجۆر و کاڵا و کەلوپەل کردووە لەوانە: (کۆمپانیای پیرەمەگرون بۆ هاوردەکردنی چای سەیلانی، کارگەی شیرینی ڕافیدەین لەبەغداد، بەرهەمی (براندیلی مارتیل) کۆنیاکی فەرەنسی هاوردەی کۆگای ئامادەکاری گشتیی بەریتانی لەبەغداد، کۆمپانیای ئاوی شیرین لەبەغداد، ئوتێل و چێشتخانەی شێرزاد لەکەرکوك، چاپخانەی کوردستانی گیو موکریانی لەهەولێر، چاپخانەی مەعاریف لەبەغداد، کارگەی خشتی سەباح لەبەغداد، مەخزەنی کەشافی خەیاتی لەبەغداد، کۆمپانیای حەج و عومەرەی حسێن عانی لەبەغداد شرکتی هاتووچۆی عراق محدودە و کۆبوونی یانسیبی پرۆژەی دروستکردنی خەستەخانەکانی عێراق و ...هتد) .

دواتر ڕاپۆرتە هەواڵ بەپلەی چوارەم دێت، کە (٢١) ڕاپۆرتە هەواڵ بڵاوکراوەتەوە بەڕێژەی ٣,٨٨% دێت.

تەنیا یەك چاوپێکەوتنیشی تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە خودی سەرنووسەرەکەی (سەجادی) لەگەڵ (د.هاشم دۆغرمەچی) سەرۆکی تەندروستی لیوای سلێمانی ئەنجامیداوە، کە بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بڵاویکردۆتەوە بەپلەی پێنجەم و کۆتایی بەڕێژەی ٠,١٨٥% دێت(نزار، العدد١٤،ص٥-١١. نزار، ژمارە١٤، ل١٧-٢١).

دوانزدەیەم/ ناوەڕۆکی بابەتەکانی گۆڤاری نزار:

لەسەرەکیترین ناوەڕۆکی بابەتە بڵاوکراوەکان لەگۆڤاری نزاردا لەم خشتەیەی لای خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

| ز. | جۆری بابەت | دووبارە | % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سیاسی | 98 | 56.64 | یەکەم |
| 2 | کۆمەڵایەتی | 24 | 13.87 | دووەم |
| 3 | مێژوویی | 2 | 1.156 | حەوتەم |
| 4 | زمانەوانی | 2 | 1.156 | حەوتەم |
| 5 | فەلسەفی | 3 | 1.73 | شەشەم |
| 6 | ئابووری | 17 | 9.82 | چوارەم |
| 7 | ئەدەبی و هونەری | 23 | 13.29 | سێیەم |
| 8 | هەمەجۆر | 4 | 2.312 | پێنجەم |
| سەرجەم | | 173 | 100% | |

خشتەی (٢) ناوەڕۆکی بابەتەکانی گۆڤاری نزار

بەحوکمی ئەوەی کە گۆڤاری نزار گۆڤارێکی سیاسی بووە، بۆیە بابەتە سیاسییە بڵاوکراوەکان تێیدا بەپلەی یەکەم دێت بەدووبارەی (٩٨) بابەت و ٥٦،٦٤% کۆی ڕێژەی سەرجەم بابەتە بڵاوکراوەکان.

پاشان بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەپلەی دووەم و دووبارەی (٢٤) بابەت و بەڕێژەی ١٣،٨٧% دێت، کە باس لەچارەسەری دواکەوتی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی دەرد و دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری دەکات.

دواتر بەپلەی سێیەم گۆڤارەکە بایەخیداوە بە بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبی و هونەری بۆیە (٢٣) بابەتی ئەدەبی بڵاوکردۆتەوە کە ڕێژەی ١٣،٢٩% سەرجەم بابەتە بڵاوکراوەکان پێکدەهێنێت.

هەروەها گۆڤارەکە بایەخی بەبڵاوکردنەوەی بابەتی ئابووری و چارەسەرکردنی کێشەی ئابووری و گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووریی کوردستان لەم ڕێگەیەوە داوە، کە بەپلەی چوارەم و دووبارەی (١٧) بابەت و بەڕێژەی ٩،٨٢% دێت. هاوکات گۆڤارەکە گرنگیداوە بەبڵاوکردنەوەی بابەتی ڕۆشنبیریی گشتی و هەمەجۆر و، بابەتی فەلسەفی و مێژوویی و زمانەوانی.

سیانزدەیەم/ وتار و بابەتەکانی عەلائەددین سەجادی لەگۆڤاری (نزار)دا :

بەگشتی وتارەکانی عەلائەددین سەجادی لەگۆڤاری (نزار)دا بریتیین لە (٢٩) وتار کە بەئاشکرا و بەناوی خۆیەوە وەکو سەرنووسەر بڵاوی کردۆتەوە. لەوانە (٢٥) وتاریان بەزمانی عەرەبین و (٤) وتاریشیان بەزمانی کوردین، بەڵام هەندێ وتار و بابەتی تریش هەن کە لەبەر دووبارە نەبوونەوەی ناوی خۆی یاخود هۆکاری بوونی سانسۆر لەسەر گۆڤارەکە بەناوی خوازراو یان بەبێ ناو بڵاویانی کردۆتەوە. بێگومان بەشێوازی نووسینی ڕۆژنامەنووسی و زمانەکەیدا دیارە.

لەگەڵ ئەمانەشدا ناوبراو وەکو هەواڵساز و ڕاپۆرتنووس (ریپۆرتیۆر) کاریکردووە کاتێك وەکو ڕۆژنامەنووس سەردانی هەندێ لەشار و ناوچەکانی کوردستانی کردووە(نزار، العدد ١١، ص١٢) لەوانە: هەولێر(نزار، العدد ١٥، ص١٢)، سلێمانی و کۆیە (نزار، العدد ١٢،ص١٣) و شەقڵاوە(نزار، ژمارە١٣، ل٢٠-٢١). هەروەها وەکو ڕۆژنامەنووس و ئامادەکاری ڕاپۆرتە هەواڵ ئامادەی لەهەندێك لەکۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نوێنەران (پەرلەمان)ی عێراقدا بووە(نزار، ژمارە ١٥، ل١٧-٢٢.)

هەروەها کاتێك لەبەغداوە سەردانی شاری سلێمانی کردووە. چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسیشی سەبارەت بەرەوشی تەندروستیی لیوای سلێمانی و بەمەبەستی وەرگرتنی ئاماری وردی تەندروستیی هەمەلایەنە لەگەڵ (د.هاشم دۆغرەمەچی) سەرۆکی تەندروستیی لیوای سلێمانیدا بەزمانی عەرەبی ئەنجامداوە، کە (٧) لاپەڕەیە. دواتر بەناوی خۆیەوە لەگۆڤارەکەدا بڵاوکردۆتەوە(نزار، العدد ١٤، ص٥-١١).

سەجادی هەندێ باس و بابەتی تریشی خستۆتە ڕوو وەك: کەمی ژمارەی خوێندنگە کوردییەکان لەعێراقدا، پێویستی خوێندنی زمان و مێژووی کورد لەقوتابخانەکانی عێراقدا، پێویستی کردنەوەی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لەکۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداد، پێشنیازی دامەزراندنی کوڕی زانیاری عێراق و کردنەوەی بەشی کوردی لەو کۆڕە ئەکادیمیایەدا (المجمع العلمی العراقی)، کێشەی بارزانییە دوورخراوەکان، پرۆژەی پوختەکردنی تووتن لەسلێمانی، فێرکردنی زمانی کوردی بۆ خوێنەرانی عەرەب لەزنجیرە وتارێکدا کە (١٥) ئەڵقەیە لەژێر ناوونیشانی (کیفیه تعلم اللغه الکردیه). تەنانەت لەچەند وتارێکی ڕۆژنامەنووسیدا باسی کێشەی فەلەستینیشی کردووە.

ئەو وتارانەی کە سەجادی بەناوی خۆیەوە بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی لەگۆڤارەکەدا بڵاوی کردوونەتەوە بریتیین لەمانەی لای خوارەوە، کە لەم خشتەیەی لای خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

| ز | ناوی وتار | ژمارە | بەروار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | اهدافنا | 1 | 30/3/1948 | |
| 2 | ئامانجمان | 1 | 30/3/1948 | جیاوازە بەکوردییە |
| 3 | رجع الصدي لخطاب فخامة رئيس الوزراء | 2 | 15/4/1948 | |
| 4 | فلسطين تنازع الموت فأين حمايتها | 3 | 30/4/1948 | |
| 5 | اعادة النظر في كيفية تدريس مادة التأريخ | 4 | 15/5/1948 | |
| 6 | كيفية تعلم اللغة الكردية | 7 | 30/6/1948 | 15ئەڵقەیە |
| 7 | رسالة كويسنجق | 12 | 15/9/1948 | |
| 8 | قضايا الصحة في السليمانية | 14 | 22/10/1948 | ڕاپۆرت و چاوپێکەوتن |
| 9 | مشروع تنقيح التبوغ في السليمانية | 15 | 31/10/1948 | |
| 10 | حديث مع رئيس بلدية اربيل | 15 | 31/10/1948 | چاوپێکەوتن |
| 11 | لسنا شيوعيين ولاببغاوات للدعايات الإستعمارية | 15 | 31/10/1948 | |
| 12 | میللەت، حکومەت، نیابەت | 2 | 15/4/1948 | |
| 13 | كتاب مفتوح الى سفير الإمبراطورية البريطانية | 3 | 30/4/1948 | |
| 14 | فەلەستین تیسکەی سیاسەتی ئیمڕۆیە | 5 | 31/5/1948 | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 15 | شەقڵاوا | 13 | 30/9/1948 | |

خشتەی (٣) وتار و بابەتەکانی (سەجادی) لەگۆڤاری (نزار)دا بەناوی خۆیەوە بە (عەرەبی و کوردی)

ئەم وتارانەی لای خوارەوەش لەشوێنی سەروتار یان شوێنی تری گۆڤارەکە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە بەناوی دەستەی نووسەران یان ئیدارەی نزار یان بەبێ ناو، کە ڕای توێژەران و هەندێ لەنووسەران وایە. هەر وتاری سەجادی خۆیین، چونکە هەمان زمان و شێوازی نووسینیان تێدا بەکارهاتووە. بەتایبەت لەدوای ژمارە (١٥)ەوە کە سانسۆر و چاودێری و فشار لەسەر نزار زۆر بووە. هەندێك لەوتارەکان بەناوی خوازراو یان بە پیت یاخود بەبێ ناو بڵاوکراونەتەوە تەنانەت لەمەودوا لەسەر سەروتارەکانیش ناوی خۆی نەنووسیوە، کە (٥٠) وتارن لەوانە:

| ز | ناوی وتار | ژمارە | بەروار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | مؤتمر حزب التحرير | 3 | 30/4/1948 | المحرر |
| 2 | بيان وايضاح | 4 | 15/5/1948 | المحرر |
| 3 | المشكلة البارزانية | 4 | 15/5/1948 | المحرر |
| 4 | فوز الديمقراطية لاريب فيه | 5 | 31/5/1948 | المحرر |
| 5 | السلام العالمي وحدة لاتتجزأ | 6 | 15/6/1948 | المحرر |
| 6 | من منابع الثروة في الشمال: استغلال الفحم الأبيض | 7 | 30/6/1948 | المحرر |
| 7 | بين الهدنة والحرب | 8 | 15/7/1948 | المحرر |
| 8 | ماذا وراء وقف القتال في فلسطين | 6 | 15/6/1948 | محرر سياسى |
| 9 | عيد ميلاد صاحب الجلالة الملك المعظم | 3 | 30/4/1948 | هيئة التحرير |
| 10 | اعلام الفكر الكردي: محمد امين زكي | 9 | 31/7/1948 | هيئة التحرير |
| 11 | بدعة الجيل | 3 | 30/4/1948 | ساخر |
| 12 | ماذا كان الأكراد في نظرهم | 2 | 15/4/1948 | عراقي مخلص |
| 13 | رسالة السليمانية | 20 | 15/1/1949 | المترجم |
| 14 | دانانی کۆمەڵی قوتابخانەی کوردی ئەهلی | 4 | 15/5/1948 | ئیدارەی نزار |
| 15 | لەلێواری ئینتیخاباتا | 4 | 15/5/1948 | ئیدارەی نزار |
| 16 | پەرلەمانی تازە | 7 | 30/6/1948 | ئیدارەی نزار |
| 17 | کۆبوونەوەی ڕۆژنامەچی یەکان لەگەڵ فەخامەتی رئيس الوزرادا | 7 | 30/6/1948 | ئیدارەی نزار |
| 18 | لەپاش هودنە | 8 | 15/7/1948 | ئیدارەی نزار |
| 19 | کۆس کەوتوویی | 8 | 15/7/1948 | ئیدارەی نزار |
| 20 | کورتی میزانیە | 9 | 31/7/1948 | ئیدارەی نزار |
| 21 | سیاسەتی ئینگلیز لەتوێکڵە گوێزێکدا | 11 | 31/8/1948 | ئیدارەی نزار |
| 22 | کورد و ئەم گۆڤارە | 6 | 15/6/1948 | ئیدارەی نزار |
| 23 | لێژنەی تەرجەمە و نەشر | 11 | 31/8/1948 | ئیدارەی نزار |
| 24 | کورد و ئەمریکا | 20 | 15/1/1949 | ئیدارەی نزار |
| 25 | کاغەزی کۆیسنجەق | 21 | 31/1/1949 | ئیدارەی نزار |
| 26 | پێویستی ڕۆژنامەی دڵسۆز | 13 | 30/9/1948 | ئیدارەی نزار |
| 27 | ئەندۆنیسیا و هۆڵەند (١) | 21 | 31/1/1949 | سەروتار بێ ناو |
| 28 | ئەندۆنیسیا و هۆڵەند (٢) | 22 | 15/2/1949 | سەروتار بێ ناو |
| 29 | اعلام الأدب الكردي: زيور | 18 | 15/12/1948 | بێ ناو |
| 30 | اعلام الأدب الكردي: بی کەس | 19 | 31/12/1948 | بێ ناو |
| 31 | عروس الحرية تغتصب | 19 | 31/12/1948 | سەروتار بەبێ ناو |
| 32 | مشكلة التبغ | 19 | 31/12/1948 | بێ ناو |
| 33 | مؤتمر الحكومات الشرقية لمساندة اندنسيا | 20 | 15/1/1949 | سەروتار بەبێ ناو |
| 34 | من وراء المنظار..سير العالم السياسي | 21 | 31/1/1949 | سەروتار بەبێ ناو |
| 35 | شؤون الأوقاف | 21 | 31/1/1949 | بەبێ ناو |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 36 | الى معالي وزير المعارف | 21 | 31/1/1949 | بەبێ ناو |
| 37 | الى انظار مديرية الري..خطر الفيضان | 21 | 31/1/1949 | بەبێ ناو |
| 38 | كارثة بينجوين | 16 | 15/11/1948 | بەبێ ناو |
| 39 | تمثيلية فلسطين في مجلس الأمن الدولي | 16 | 15/11/1948 | سەروتار بەبێ ناو |
| 40 | المجمع العلمي العراقي واللغة الكردية | 17 | 30/11/1948 | بەبێ ناو |
| 41 | مستقبل الهند | 17 | 30/11/1948 | سەروتار بەبێ ناو |
| 42 | هذه المجلة وجمعية الصحفيين | 15 | 21/10/1948 | بەبێ ناو |
| 43 | مهمة الصحافة في بلادنا | 13 | 30/9/1948 | بەبێ ناو |
| 44 | على هامش خطاب العرش | 7 | 30/6/1948 | سەروتار بەبێ ناو |
| 45 | رقود في كهف السياسة | 8 | 15/7/1948 | بقلم صاحب التوقيع |
| 46 | الإستعمار هو اس الداء | 9 | 31/7/1948 | سەروتار بەبێ ناو |
| 47 | اندونيسيا او ارخبيل الحرية | 10 | 15/8/1948 | سەروتار بەبێ ناو |
| 48 | تۆزێك لەم ناوە | 10 | 15/8/1948 | سەروتار بەبێ ناو |
| 49 | مەلاكانمان | 14 | 22/10/1948 | ش. |
| 50 | بناغەی یەکێتی ئەم ئاسیایە | 16 | 15/11/1948 | سەروتار بەبێ ناو |

خشتەی (٤) ئەو وتار و بابەتانەی کە جێ پەنجەی (سەجادی)ان لەگۆڤاری (نزار)دا پێوە دیارە

**دەروازەی چوارەم/ رۆڵی عەلائەدین سەجادی لەگۆڤاری گەلاوێژدا**

**یەکەم: مێژووی دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژ**

دەستپێکی کاری رۆژنامەوانی عەلائەدین سەجادی لە گۆڤاری گەلاوێژەوە دەستپێکردوە. گۆڤاری گەلاوێژ کە لەساڵی (١٩٣٩- ١٩٤٩) لەلایەن ژمارەیەك روناکبیری کوردی ئەو سەردەمەوە دەرکراوە، یەکێکیان عەلائەدین سەجادی بووە. بەگوێرەی چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سەجادی، بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارێکی لەو جۆرە لەساڵەکانی کۆتایی سییەکانی سەدەی رابوردوو لەلایەن هەندێك کەسایەتی و نوسەری ئەو سەردەمەوە، لەوانە: (محەمەد ئەمین زەکی، تۆفیق وەهبی، بابا عەلی شێخ مەحمود، عەلی کەمال، رەشید نەجیب، حامید فەرەج، عەبدوڵا گۆران، ئیبراهیم ئەحمەد) گەڵاڵە کراوە. ئەمەی دواییان ئیمتیازی دەرکردنی گۆڤارێکی ئەدەبی وەرگرتوە و (عەلائەدین سەجادی)ش بوەتە سەرنووسەری گۆڤارەکە(احمد، ١٩٧٣،ص٢و٧). ئەمە لەکاتێکدا لەهیچ ژمارەیەکی گۆڤارەکە ئاماژە بەناوی سەرنووسەرو دەستەی نوسەرانی نەکراوە، بەڵکو کاری سەجادی لەگۆڤاری گەلاوێژ بە مودیری ئیدارە دەستیپێکردوەو دواتر بوەتە مودیری نوسین کە بەڕێوەبەری نوسینەو ئیبراهیم ئەحمەدیش خاوەن ئیمتیازو ناوی کەسێی (مودیر مەسئول) هێنراوە کە پێدەچێت رۆڵی بەڕێوەبەری کارگێڕیی ئێستای دەزگاکانی راگەیاندنی گێڕا بێت. کارە ئیدارییەکانی گۆڤارەکەی راییکردبێت لەسەرپەرشتیکردنی چاپخانەو پۆستەکردنی ژمارەکانی گۆڤارەکە بۆ ئەو کەسانەی بەشدارییان کردوە ساڵانەو ئابوونەیان داوە لەگەڵ پەیوەندیکردن بەو شوێنانەی ریکلامیان لەگۆڤارەکەدا بڵاوکردوەتەوە.

پێچەوانەی ئەم گێڕانەوەیەی عەلائەدین سەجادی، برایم ئەحمەد کە لەنێو کایەی ئەدەبی و رۆژنامەی کوردیدا خۆی بە(بلە) ناساندوە لە وتارێکدا سەبارەت بە بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژو ئاستەنگەکانی و راییکردنی کارەکانی کە لەژمارە (٤)ی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)دا بڵاوکراوتەوە لەساڵی ١٩٩٧، خۆی بەخاوەنی بیرۆکەکە ناساندوەو ئاماژەی بەوەداوە لەسەرەتای ساڵی ١٩٣٨و لەسلێمانی بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارێکی بەزمانی کوردی لەگەڵ گۆرانی شاعیرو حامید فەرەج و مستەفا سائیب و کامیل حەسەن و هەندێك کەسی تردا تاوتوێکردوە و ئەوانیش پێیان باشبوەو پشتیوانی خۆیان بۆ دەربڕیوە و گۆرانیش ناوەکەی پێشنیازکردوە. هەر لەو وتارەکەدا، برایم ئەحمەد ئاشکرایکردوە، دوای ئەوەی دواکەوتوە لە رەوانەکردنی بابەتەکانی ژمارە ٣ی گۆڤارەکە بۆ چاپخانە، بابەتی ئەو ژمارەیەو ژمارە چواریشی بەقادر قەزازدا ناردوە بۆ چایخانە.

ئاماژەی بەوەشداوە کە هەر لەگەڵ ئەو قادر قەزازەدا، دوای ئەوەی رێککەوتون کە کەسێکیان پێویستە سەرۆکاری چاپکردنی گۆڤارەکە بکاتو ئەمیش بابەتەکانی ئامادە بکات، چوون بۆ مزگەوتی مەیدان لەبەغدادو عەلائەدین سەجادییان بینیوە.

بەگوێرەی گێڕانەوەکەی برایم ئەحمەد، هەردولا رێککەوتوون لەسەرئەوەی بەر لە رۆژی ١٧ی هەموو مانگێك، برایم ئەحمەد بابەتە رۆژنامەوانییەکانی گۆڤارەکە ئامادەبکاتو رەوانەی بکات بۆ بەغداد بۆ عەلائەدین سەجادی. لەبارێکیشدا ئەگەر نەیتوانی ئەو کارە بکات ئەوا سەجادی بابەتەکانی گۆڤارەکە بەقەبارەی (٧٣) لاپەڕەی نیوفلسکاب تەواو بکاتو هەرچۆنێکی پێباشە ئەو ژمارەیەی گۆڤارەکە چاپبکات. بەدەر لەو حاڵەتە مافی ئەوەی نییە دەستکاریی هیچ بابەتێکی ئامادەکراو بۆ ژمارەکانی گۆڤارەکە بکاتو لەبارێکیشدا ئەگەر ویستی خودی خۆی بابەتێك بڵاوبکاتەوە، ئەوا دەبێت یەکەمجار خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری گەلاوێژ رازی بێتو پەسەندی بکات، بەجۆرێك کاری عەلائەدین سەجادی لەگۆڤاری گەلاوێژ تەنیاو تەنیا سەرپەرشتیکردنی چاپو راستکردنەوەی هەڵەکانو ئیدارەدانیەتی.

سەرەڕای ئەم رێککەوتنە سەرەتاییەی خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری گەلاوێژ لەگەڵ عەلائەدین سەجادیو دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ بەڵام تا ژمارە ١و٢ ساڵی سێیەم (کانوونی دوەمو شوبات)ی ١٩٤٢، لەهیچ شوێنێکی گۆڤارەکە ئاماژە بەکاری عەلائەدین سەجادی لە دەرکردنی نەکراوەو لەو ژمارەیەو لە دامێنی بابەتێکدا

بەناونیشانی (بۆ خوێندەوارانی گەلاوێژ) وەکو مودیری ئیدارە ناسێنراوە بەخوێندەواران. لەژمارە ٣و٤ی مانگەکانی مارتو نیسانی هەمان ساڵ و لەبەرگی دواوەی گۆڤارەکانی گەلاوێژ، لەبابەتی پەیوەست بە دانی ئابونەوە لەلایەن خوێندەوارانی گۆڤارەکەوە، لەناونیشانی گۆڤاری گەلاوێژ بە مەبەستی رادەستکردنی ئابونەی ساڵانە، ناوی عەلائەدین سەجادی وەکو مودیر ئیدارەی گۆڤاری گەلاوێژ هێنراوە(گەلاوێژ، ژمارە ١و٢ ساڵی سێیەم،، ل٩٦).

ناساندنی عەلائەدین سەجادی وەکو ستافی گۆڤاری گەلاوێژ بەم جۆرە بە خوێندەواران تا ژمارە (٢)ی شوباتی ١٩٤٤ بەردەوام بووەو لەو ژمارەیە بەدواوەوە لەبەرگی ناوەوەی ژمارەکانو هەندێکجاریش لەگۆێچکەی راستی ژمارەدا، سەجادی وەکو مودیری ئیدارەو نووسین ناسێنراوە. تەنانەت ناوەکەی خراوەتە سەرو ناوی خاوەنی ئیمتیاز (ابراهیم ئەحمەد)و بەڕێوەبەری بەرپرس. بەجۆرێك لەناو چوارگۆشەیەکداو لەگۆێچکەی راستی بەرگی پێشەوەی گۆڤارەکە لەبەشی سەرەوەی چوارگۆشەکە ناوی بەڕێوەبەری ئیدارەو نوسین، کە عەلائەدین سەجادییە نوسراوە. بەدوای دا خاوەنی ئیمتیاز کە ئیبراهیم ئەحمەدەو لەدامێنی چوارگۆشەکەش ناوی بەڕێوەبەری بەرپرس نوسراوە، کە مەحمود شوکر داود ناوێك بوە. ئەوەش ئەوە دەردەخات کە سەجادی ڕۆڵی لەدەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ بە رێکوپێکیو بۆ ماوەی دە ساڵی رەبەق لە سەرپەرشتیکردنی کاری چاپخانەو راستکردنەوەی هەڵەکانەوە بۆ بەشداریکردنێکی کارای لە کاری نووسینو پێداچوونەوەی نووسینەکانی نووسەرەکانی تر گۆڕراوە. بەجۆرێك بوەتە کارەکتەرێکی سەرەکی دەرکردنی گۆڤارەکە، گەر نەبووبێتە کەسی یەکەمیش.

گۆڤاری گەلاوێژ وەکو لە خوار لۆگەکەیەوە و لە هەموو ژمارەیەکدا ئاماژەی پێکراوە، گۆڤارێکی ئەدەبیو رۆشنبیری مانگانەی کوردیی بوە. ژمارە یەکی لەمانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٩ لەبەغدادو لەچاپخانەی ئەلنەجاح چاپکراوە. تا مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٩ (١٠٨) ژمارەی مانگانەی لێدەرکراوە. ستافی گۆڤارەکە بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابووە ژمارەکان هەموو مانگێكو لەوادەی خۆیدا دەربکات. لەبارێکدا ئەگەر ژمارەیەك لەمانگی خۆیدا دەرنەکرابێت بەهەر هۆیەکەوە بێت، لەگەڵ مانگی دوای خۆی چاپکراوە، بەم جۆرە لەهەر ساڵێکدا (١٢) ژمارەی لێچاپکراوەو کۆتا ساڵیشی (٨) دانە. ژمارەی لاپەڕەکانی گۆڤارەکە لەمانگەکانی سەرەتاوە (٤٨) لاپەڕەیە بۆ (٦٦)و ئەوانەی بەیەکەوەو لەبەرگێکدا چاپکراوە (٩٧) لاپەڕەیە بۆ (١٠٠) لاپەڕە. لەیەکەم ساڵ گۆڤاری گەلاوێژ ریکلامی بڵاوکردوەتەوەو ئەو کارەش سەرچاوەیەکی داهات بوە بۆ بەردەوامبوونی کارەکانی گۆڤارەکە. لەساڵی دووەمدا، هەموو دوو مانگێك، دوو ژمارە لەبەرگێکدا بەیەکەوە چاپکراوەو ژمارەکانی ئەیلولو تشرینی یەکەمو تشرینی دووەمو کانوونی یەکەمی ١٩٤٠ بەیەکەوە چاپکراوە. بەم شێوەیە ژمارەکانی ساڵی دووەم لە (٥) بەرگ و بەتێکرا بە (٩٦) لاپەڕە بۆ (١٠٣) لاپەڕە چاپکراوە. لەساڵی سێیەم، هەموو دوو مانگێك جارێك گۆڤارەکە دەرکراوە؛ بەم شێوەیە لەو ساڵەدا (١٢) ژمارە لە (٦) بەرگدا چاپو بڵاوکراوەتەوە بەتێکرای (٩٢) لاپەڕە بۆ (٩٧) لاپەڕە. لەساڵی چوارەم، هەموو مانگێك گۆڤاری گەلاوێژ چاپکراوە؛ واتە لەو ساڵەدا (١٢) ژمارە لە گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوە. (٥) ژمارەی پێنج مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٤٣ ، گۆڤاری گەلاوێژ بە (٥٦) لاپەڕە

چاپکراوەو ژمارەی (٦)ی حوزەیرانی ١٩٤٣ (٥٧) لاپەڕەیە. شەش ژمارەکەی تری ئەو ساڵە ژمارەی لاپەڕەکانی گۆڤارەکە زیادکراوە بۆ (٧٢) لاپەڕە. لەساڵی ١٩٤٤یش (١٢) ژمارە دەرکراوەو هەموو ژمارەکانی (٧٢) لاپەڕەن. گۆڤاری گەلاوێژ لە شەش ساڵی تەمەنیو لەساڵانی ١٩٤٥و ١٩٤٦، بەهەمان شێوەی دوو ساڵی پێشتر بەرێکوپێکیو هەر مانگێك ژمارەیەکی لێدەرکراوە، بەتێکڕا (٧٢) لاپەڕە. ساڵانی دواترو لە ١٩٤٧و ١٤٨و تا مانگی ئابی ١٩٤٩یش جگە لە هەردوو مانگی ئەیلولو تشرینی یەکەم، هەموو مانگێك گۆڤاری گەلاوێژ چاپکراوە بە (٧٢) لاپەڕە. ژمارەی مانگەکانی ئەیلولو تشرینی یەکەمی ساڵانی ١٩٤٧و ١٩٤٨، هەر دوو ساڵەکە لەسەریەك؛ ژمارەی مانگی ئەیلول دواکەوتوەو لەگەڵ ژمارەکەی مانگی تشرینی یەکەمداو لە دوو توێی (١٠٤) لاپەڕە چاپکراوە(سدیق ساڵح، رەفیق ساڵح و زەنگەنە،٢٠١٦، ل٨٢٥٩-٧٢٦٨.(

دووەم: وتار و بابەتە رۆژنامەوانییەکانی عەلائەدین سەجادی لە گۆڤاری گەلاوێژدا

عەلائەدین سەجادی جگە لەوەی کارە ئیدارییەکانی گۆڤاری گەلاوێژی راییکردوە، لەماوەی دە ساڵی تەمەنی گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩-١٩٤٩)، (٢٦) بابەتی جۆراوجۆری رۆژنامەوانی لەوتارو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و وەرگێڕان بەناوی خۆیەوە بڵاوکردۆتەوە، ئەوە لەکاتێکدا لەکۆی (٧٧) بابەت کە ناوی نوسەریان لەسەرنییە، پێدەچێت زیاتر لە (٧٠) بابەتیان نوسینی عەلائەدین سەجادی بنو لەکۆی (٢٣٤) بابەتی وەرگێڕراو کە ناوی وەرگێڕەرەکانیان لەسەر نییە، پێدەچێت (١٢) بابەتیان لەوەرگێڕانی سەجادی بن بەبێ ئاماژەدان بەناوەکەی(سدیق ساڵح، رەفیق ساڵح و زەنگەنە،٢٠١٦، ل٧٩٧٤-٧٩٧٥).

| ژ | ناونیشانی بابەت | ژمارەی گۆڤار | مانگو ساڵ | لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|
| 1- | بۆ زانین | 9-12 | ئەیلول تا کانوونی یەکەمی ١٩٤١ | 97-98 |
| 2- | گەلاوێژ لەساڵی سێیەمیا | 1-2 | کانونی دووەمو شوباتی ١٩٤٢ | 1-3 |
| 3- | تطور (گۆڕینی) عیلمی ئیجتیماع/وەرگێڕان | 5-6 | مایسو حوزەیرانی ١٩٤٢ | 10-14 |
| 4- | بۆ زانین | 11-12 | تشرینی دووەمو کانوونی یەکەمی ١٩٤٢ | 97 |
| 5- | گەلاوێژ لەساڵی چوارا | 1 | کانوونی دووەمی ١٩٤٣ | 1-3 |
| 6- | دیمەنێکی بەهاری کوردستان | 3 | مارتی ١٩٤٣ | 13-16 |
| 7- | کوردی بەناوبانگ م | 6 | حوزەیرانی ١٩٤٣ | 1-8 |
| 8- | کوردی بەناوبانگ عەلی کەمال بەگ | 7 | تەمووزی ١٩٤٣ | 1-9 |
| 9- | ئەدیبی بەناوبانگی کورد پیرەمێرد | 8 | ئۆغستۆسی ١٩٤٣ | 1-16 |
| 10- | نموونەی بلیمەتی | 1 | کانوونی دووەمی ١٩٤٤ | 24-30 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| -11 | جەژنی نەورۆز | 4 | نیسانی ١٩٤٤ | 42-48 |
| -12 | نووسینی کوردی | 1 | کانوونی دووەمی ١٩٤٥ | 43-51 |
| -13 | جەژنی نەورۆز | 4 | نیسانی ١٩٤٥ | 42-46 |
| -14 | بۆ ئاگاداری | 11 | تشرینی دووەمی ١٩٤٥ | 51 |
| -15 | لەسولیمانی | 10 | تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ | 57-60 |
| -16 | شایییەکەی رەشەی خەجەلاو | 12 | کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ | 65-72 |
| -17 | نێرراو ئەبێ چۆنی بێ؟ | 1 | کانوونی دووەمی ١٩٤٧ | 44-49 |
| -18 | بۆچی نەچووین بۆ کوێستان؟ | 3 | مارتی ١٩٤٧ | 44-49 |
| -19 | جەژنی نەورۆز | 4 | نیسانی ١٩٤٧ | 41-47 |
| -20 | لەسولەیمانی بەهەڵەبجەوە | 9-10 | ئەیلوول و تشرینی یەکەمی ١٩٤٧ | 75-86 |
| -21 | لەهەولێر | 11 | تشرینی دووەمی ١٩٤٧ | 60-64 |
| -22 | نەخوێندەواری | 12 | کانوونی یەکەمی ١٩٤٧ | 48-51 |
| -23 | لەپێناوی ئازادیدا | 2 | شوباتی ١٩٤٨ | 29-32 |
| -24 | دیسان گەلاوێژ | 12 | کانوونی یەکەمی ١٩٤٨ | 65-72 |
| -25 | پرسیارو وەڵامێك | 5 | مایسی ١٩٤٩ | 49-50 |
| -26 | جەوهەر ئاغا | 6 | حوزەیرانی ١٩٤٩ | 62-72 |

خشتەی ژمارە (٥)وتار و بابەتە ئەدەبییە بڵاوکراوەکانی عەلائەدین سەجادی لە ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ

بەگوێرەی خشتەی ژمارە (٥) لە کۆی (١١٦) ژمارەی گۆڤاری گەلاوێژ کە لەماوەی دە ساڵدا دەرکراوە، عەلائەدین سەجادی کە لە ژمارە (٩)ی گۆڤارەکە بەدواوەوە لە مانگی ئەیلولی ساڵی (١٩٤٠)تا ساتی راگرتنی لە چاپ لە مانگی ئابی ساڵی (١٩٤٩) بەهەردوو سیفەتی مودیری ئیدارەو سەرنووسەر کاریکردوە، تەنیا (٢٦) بابەتی بەناوی خۆیەوە بڵاوکردوەتەوە. سەرەتای بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی سەجادی لەساڵی دووەمو لەژمارەکانی (٩-١٢) بووە، کە بەیەکەوە چاپکراوەو (٩٨) لاپەڕەیە ئەو سێ ژمارەیە. بەمەدا دەردەکەوێت، کاروانی نووسینەکانی عەلائەدین سەجادی لەدەستپێکی کاری رۆژنامەنووسیو لەگۆڤاری گەلاوێژ دوای چاپکردنی (٢٠) ژمارەی گۆڤارەکە دەستپێکردوە. لەگەڵ ئەوەشدا عەلائەدین سەجادی بەشێوەیەکی رێکو لەهەموو ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژدا نووسینی نەبووە، بەڵکو ناوە ناوە لەگۆڤارەکەدا شتی نووسیوە هەروەکو لەخشتەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

| ژمارەی بابەتەکانی عەلائەدین سەجادی/ناونیشانی بابەت | ساڵی بڵاوکردنەوە لە گەلاوێژ |
|---|---|
| یەك بابەت/ بۆ زانین | ساڵی دووەم |
| سێ بابەت/ گەلاوێژ لەساڵی سێیەمیا، تەگەور (گۆڕینی عیلمی ئیجتیماع، بۆ زانین | ساڵی سێیەم |
| پێنج بابەت/ دیمەنێکی بەهار، گەلاوێژ لەساڵی چوارا، کوردی بەناوبانگ محەمەد ئەمین بەگ، عەلی کەمال بەگ، ئەدیبی بەناوبانگی کورد پیرەمێرد | ساڵی چوارەم |
| دوو بابەت/ نموونەی بلیمەتی، جەژنی نەورۆز | ساڵی پێنجەم |
| سێ بابەت/ نووسینی کوردی، جەژنی نەورۆز، بۆ ئاگاداری | ساڵی شەشەم |
| دوو بابەت/ لەسولیمانی، شایییەکەی رەشەی خەجەلاو | ساڵی حەوتەم |
| شەش بابەت/ نێرراو ئەبێ چۆنی بێ؟، بۆچی نەچووین بۆ کوێستان؟، جەژنی نەورۆز، لەسولەیمانی بەهەڵەبجەوە، لەهەولێر، نەخوێندەواری | ساڵی هەشتەم |
| دوو بابەت/ لەپێناوی ئازادیدا، دیسان گەلاوێژ | ساڵی نۆیەم |
| دوو بابەت/ پرسیارو وەڵامێك، جەوهەر ئاغا | ساڵی دەیەم |

خشتەی ژمارە (٦) ژمارەی وتار و بابەتەکانی عەلائەدین سەجادی بەگوێرەی ساڵەکانی تەمەنی گەلاوێژ

بەگوێرەی خشتەی ژمارە (٦)، کاروانی نووسینی ڕۆژنامەوانی عەلائەدین سەجادی لە گۆڤاری گەلاوێژ لەساڵی دووەمەوە بە بابەتێك دەستپێکردوەو ساڵی دوو بۆ سێ بابەت تا دەگاتە پێنج بابەتی ڕۆژنامەوانی جۆراوجۆری لە نووسین بڵاویکردوەتەوە لە گۆڤاری گەلاوێژ. بەجۆرێك ساڵی (١٩٤٧)و هەشتەمی تەمەنی گۆڤاری گەلاوێژ، ساڵێکی پڕنووسینی ڕۆژنامەوانی عەلائەدین سەجادی بووە لەگۆڤاری گەلاوێژو لەو ساڵەدا شەش بابەتی ڕۆژنامەوانی بڵاوکردوەتەوە بەناوی خۆیەوە، ئەمە لەکاتێکدا لەدوو ساڵی کۆتایی تەمەنی گەلاوێژدا هەر ساڵەو بابەتێکی بڵاوکردوەتەوە. هەروەکو تێبینی دەکرێت، دوو بابەتی بەیەك ناونیشانەوە (بۆ زانین) لەساڵی دووەمو سێیەمی تەمەنی گەلاوێژو دوو بابەتی بەناونیشانی (گەلاوێژ لەساڵی سێیەمینا)و (گەلاوێژ لەساڵی چوارا) لەهەردوو ساڵی سێیەمو چوارەم بڵاوکردوەتەوە کە تا ڕادەیەکی زۆر ناوەڕۆكو مەبەستی ئەم چوار بابەتانە لەیەکەوە نزیکەوەو پەیوەستن بە کاری سەجادی
وەکو مودیری ئیدارەو دواتریش سەرنووسەری گۆڤارەکە. ئەوەلەکاتێکدا، سێ بابەتی پەیوەست بە نەورۆزی بەیەك ناونیشان (جەژنی نەورۆز) لەساڵەکانی پێنجەمو شەشەمو هەشتەمی گۆڤاری گەلاوێژ؛ دروست (لە ژمارەکانی نیسانی ١٩٤٤و نیسانی ١٩٤٥و نیسانی ١٩٤٧)دا بۆ ئەو بۆنە نەتەوەییە نووسیوە. دیسانەوە نووسینی بابەتێکی لەو چەشنەش کە لەلاپەڕەکانی ناوەڕاست دانراونو پەیوەستە بەبۆنەیەکی نەتەوەییەوە تا ڕادەیەکی زۆر لە ئامانجو ناوەڕۆکدا لەیەك دەچنو ئەمەشیان پێدەچێت وەکو مودیری ئیدارەی گۆڤارەکەو بەڕێوەبەری نووسین نووسرابێت.

بابەتە ڕۆژنامەوانی عەلائەدین سەجادی بەناوی خۆیەوەو لەگۆڤاری گەلاوێژ بەشی هەر زۆریان نوووسینن ودانەیەکیان وەرگێڕانی بابەتێکە کە لە گۆڤاری (ریسالە)ی میسرییەوە وەرگیراوە. بابەتەکە تایبەتە بە گەشەکردنی چەمکی کۆمەڵناسیی. گەرچی لەسەربابەتەکە ناوی نووسەری بنەڕەتی بابەتەکە نەنوسراوە، بەڵام ئاماژە بەوەدراوە کە لەگۆڤاری (الرسالة)وە وەرگیراوەو لەلایەن عەلائەدین سەجادییەوە کراوە بەکوردی بێ ئەوەی هیچ وردەکارییەکی تر لەبارەی ئەو سەرچاوەیە بخرێتەڕوو کە بابەتەکەی لێوەرگیراوە.
دەستپێکی نووسینەکانی عەلائەدین سەجادی ئاگادارینامەیەك بووە کە ژمارەکانی (٩و١٠و١١و١٢)ی مانگەکانی ئەیلولو تشرینی یەکەمو تشرینی دووەمو کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤١ بڵاویکردوەتەوە. ئەم نوسینەی سەجادی دوای ئەوەدێت لەهەردوو ژمارەی ٧و٨ی تەمووزی ئابی ١٩٤١، (عەلی کەمال) یەکێك لەپشتیوانە سەرەکییەکانی گۆڤاری گەلاوێژو ڕێکخەری کاروبارە داراییەکانی گۆڤارەکە، لەنووسینێکدا  بەناونیشانی (بۆ ئاگاداری) خوێندەوارانی ئاگادارکردوەتەوە لەژمارەکانی داهاتووەو بۆئەوەی گۆڤارەکە بێ دواکەوتن هەموو سەری مانگێ لەوادەی خۆیدا بەڕێوەبچێت، سەید عەلائەدین سەجادی-یان داناوە بۆ سەرپەرشتیکردنو چاودێریکردنی لەچاپدانی گۆڤارەکە. داواشی لەخوێندەواران کردوە لەناردنی نووسینو ئابونە درێغی نەکەن. ئاماژەی بەوەشداوە بۆ هەموو جۆرە کارێکی گۆڤاری گەلاوێژ پەیوەندی بکەن بەعەلائەدین سەجادیو ئابونەش ڕەوانەی عەلی کەمال بکرێتو بەناوی ئەوەوە بنێررێت بۆ ناونیشانەکەی لەشاری بەغداد(گەلاوێژ، ژمارەکانی ٧و٨، ساڵی دووەم،ل١٠٤). بەم نوسینەدا دەرکەوێت کە کارکردنی عەلائەدین سەجادی لەگۆڤاری گەلاوێژ دەگەڕێتەوە بۆ چارەکی کۆتایی ساڵی ١٩٤١و سەرپەرشتیکردنی لەچاپدانی ژمارەکانی (٩و ١٠و ١١و١٢)ی ساڵی دووەمی تەمەنی گۆڤارەکەو ساڵی ١٩٤١.
لەگەڵ دەستبەکاربوونی لەگۆڤاری گەلاوێژ، عەلائەدین سەجادی وەکو بەڕێوەبەری ئیدارە، ئاگادارییەکی بۆ خوێندەوارانی گۆڤارەکە لەژێر ناونیشانی (بۆ زانین) دا بڵاوکردوەتەوە. گەرچی ناوەڕۆکی نووسینەکەی درێژەپێدەری ئاگادارییەکەی عەلی کەمالە بەڵام ناونیشانی بابەتەکەی گۆڕیوە. لەنوسینەکەیدا باسی لەخراپی توانای دارایی گۆڤارەکە کردوەو ستایشی عەلی کەمالی کردوە بەوەی پشتیوانی گۆڤارەکە دەکاتو ئەگەر ئەو بەدەمەوەهاتنەی ئەو نەبوایە، زۆری نەمابوو گەلاوێژ لەچاپکردن بوەستێنرێت. داواشی لەخوێندەواران کردوە بۆئەوەی لەساڵی (١٩٤٢) گۆڤارەکە بەڕێکوپێکی دەربکرێت، ئابوونەکانیان لەوادەی خۆیدا بنێرنو ئەوانەیشی نایانەوێت چیتر ژمارەکانی گەلاوێژیان بۆ بنێررێت، ئیدارەی گۆڤارەکە ئاگاداربکەنەوە لەوەی ناویان لەلیستەکانی ئابوونەدا بسڕێتەوە(گەلاوێژ، ژمارە ٩ تا ١٢، ساڵی دووەم،ل٩٧-٩٨). لەگەڵ دەستبەکاربوونی سەجادیشدا، لەساڵی ١٩٤٢ چاپکردنی ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ تا ڕادەیەك ڕێکبوەتەوە بەوەی لەو ساڵەدا (١٢) ژمارە لە (٦) بەرگو هەردوو مانگ جارێك چاپکراوە. تا ڕادەیەکی زۆریش ژمارەی لاپەڕەکانی گۆڤارەکە جێگیرکراوە.
هەر لەو چوارچێوەیەدا، دوای ساڵێك لەدەستپێکردنی کارەکەی، لەگۆڤاری گەلاوێژ وەکو مودیری ئیدارە، لەنووسینێکداو بەهەمان ناونیشان (بۆ زانین)، لە ژمارەکانی ١١و ١٢ی تشرینی دووەمو کانوونی یەکەمی ١٩٤٢، عەلائەدین سەجادی مژدەی داوە بەخوێندەوارانی گۆڤارەکە، لەساڵی نوێوە چاپکردنی ژمارەکانی گۆڤارەکە لە ڕووی کاتەوە ڕێکدەخرێتەوە. لەو نووسینەیدا سەجادی نووسیویەتی:"بەیارمەتی یەزدان بەبێ دواکەوتن هەر مانگە تاقە ژمارەی خۆی دەرئەچێو بڵاوئەکرێتەوە. بەو بۆنەوە تکا ئەکەین ئەوانەی کە نوسینمان بۆ ئەنێرن چاویان لەپەڕە کەمی گۆڤارەکە بێت چونکە نوسین کە درێژ بو بە دو مەقالە گۆڤارەکە پڕئەبێتەوەو بێ بەش ئەبین لەهەموو چەشنە نوسینێکی ئەدەبی"(گەلاوێژ، ژمارە ١١ و ١٢، ساڵی-٢،ل٩٧). داواشی لەوانە کردوە ژمارەکانی گۆڤارەکەیان بەدەستناگات، لەناونیشانی خۆیان ئیدارەی گۆڤاری گەلاوێژ ئاگاداربکەنەوە هەتا گۆڤارەکانیان دەساودەست نەفەوتێتو ئاماژەی بەوەشدا زۆر بەشداربووی گۆڤارەکە، ئابوونەیان نەناردوە لەکاتێکدا ساڵەکە خەریکە تەواو دەبێتو خوازیارە پاکتاوی حسابی خۆیان بکەن و ئابوونەکانیان ڕەوانە بکەن. ئەوانەش ناخوازن چیتر گەلاوێژیان بۆ بنێررێت، ئاگاداریان بکەنەوە.
لەنووسینێکی هاوشێوەو دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵو لە ژمارە (١١)ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥، بەڵام ئەمجارە لەژێرناونیشانی (بۆ ئاگاداری) عەلائەدین سەجادی مودیری ئیدارەی گۆڤاری گەلاوێژ، دادو بێدادی خۆی دەربڕیوە لەدەست ئەو کەسانەی ئابونەی گەلاوێژیان نەناردوە سەرەڕای چەندین جار ئاگادارکردنەوە. لەو نوسینەیدا کە لە ناو چوارچێوەیەکدا دانراوە، سەجادی نوسیویەتی: "بەپەرۆشەوە ئەیڵێین –داخی گرانم- ئەگەر لەناردنی ئابونەدا وامان لەگەڵ بکەن ناچارین واز لەم گۆڤارە بێنینو دەری نەکەین.  چونکە هەموو لایەك ئەیزانن کە دەرکردنی گۆڤارێك لەم ڕۆژەدا چە ئەرکێکی هەیەو چە پارەیەکی ئەوێت"(گەلاوێژ، ژمارە ١١، ساڵی-٦، ل٥١). جەختی کردوەتەوە لەوەی داوای ئابونە داوای زیادە یارمەتی مادی لەخوێندەواران ناکەنو تکاشیان لێدەکات ئەگەر دەیانەوێت گۆڤارەکە

بەردەوام بێت لەچاپکردن، ئابونەکانیان بنێرن. ئاماژەی بەوەشداوە ئەو ژمارەیەی گۆڤاری گەلاوێژ (ژمارە ١١، تشرینی دووەمی ١٩٤٥) بەهۆی هەندێك پێشهاتو کێشەی چاپخانەوە دواکەوتووە.

تەرزێکی تری نووسینەکانی عەلائەدین سەجادی لەدەستپێکی کاری رۆژنامەوانی لەگۆڤاری گەلاوێژ گەرچی وەکو مودیری ئیدارە ئاماژەی پێنەدراوە، دوو نوسینیەتی دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژدا. لەنوسینێکی بەناونیشانی (گەلاوێژ لەساڵی سێیەمیا) کە لەلاپەڕە یەکەمی ژمارە ١و ٢ی ساڵی سێیەم، کانونی دووەمو شوباتی ١٩٤٢دا بڵاوکراوەتەوە، نووسەر گۆڤاری گەلاوێژی بەئەستێرەی گەلاوێژی ئاسمان شوبهاندوە کەچۆن دەرکەوتنی ئەستێرەی گەلاوێژ لەئاسمان دەبێتە هۆی رەواندنەوەی گەرمای هاوینو گۆڤاری گەلاوێژیش بوەتە مانگی چواردەو لەئاسمانی ئەدەبیاتی کوردیدا دەگەشێتەوە. ئەم نووسینە توانای نووسینی ئەدەبیاتی عەلائەدین سەجادی پیشان دەدات گەرچی لەسەرەتای کاروانی نوسینەکانیدا بوەو دوەم نووسینیەتی کە لەگۆڤاری گەلاوێژدا بڵاویکردوەتەوە. دەستپێکی نووسینەکەی ئەمەیە: "ئەگەر بەدڵێکی پاکوخاوێن سەرهەڵبڕین و سەیری دو گەلاوێژەکەی ئەرزو ئاسمان بکەین لەساڵی سێیەمی گەلاوێژەکەی خۆمانا بێگومان ئێسکو مێشكو پێستمان ئەبوژێتەوە لەخۆشی کردەوەی ئەم دو تاقانە.."(گەلاوێژ، ژمارە ١و٢، ساڵی -٣، ل١-٣). هەر لەو نووسینەدا ئاماژەی بەبایەخ و گرنگی گۆڤاری گەلاوێژ کردوە لەئاگادارکردنەوەی لاوەکان لەکردەوەی پێشینانو رەوشی وڵاتانو بایەخی زانینو فێرکردنو ئاشنابوونیان بەزمان و ئەدەبیاتی نەتەوەکەیان.

دوای تێپەڕبوونی ساڵێکی تر لەتەمەنی گەلاوێژو لە ژمارە (١)ی ساڵی چوارەم (کانوونی دووەمی ١٩٤٣)، عەلائەدین سەجادی وتارێکی تری بەناوی (گەلاوێژ لەساڵی چوارەمیا) نووسیوە. ئەم نووسینەی سەجادیشی هاوشێوەی نووسینەکەی ساڵی پێشووی، بەتەرزێکی ئەدەبی نووسراوەو وەسفو شوبهاندنێکی زۆری تێدایەو ئەمجارە سەجادی گۆڤاری گەلاوێژی شوبهاندووە بە گوڵاڵە سوورە و، لەدەستپێکدا نوسیویەتی: "گوڵاڵە سورەیەکی خواکرد لە گزنگی بەیانییەکا لەناو خەرمانەیەکی رەشە رەشە رەیحانەی ئاونگاریا بەیاریکردن خۆی هەڵدا. کەچی دەستی وەیشومەی بای گەردەولولەی ناکامی بەچەپۆکی چنورمە بەنەقلەباز شاڵاوی هێناو هەناسەی ئاگرینی بە رومەتی بێگەردیا بڵاوکردەوە. کتوپڕ لەو کاتە کاولیەدا بەشنە شن گەلاوێژی باروی یەزدانی لەدوا چوری سوڕانەوەی ساڵیا سەری سالاری لەگەلی کامەرانی دەرهێناو بە لەشکری نریشکی دەس لەسەر شان تەپوتۆزی نەهاتیو ناهەمواری ئەو دالو تەفروتونا کردو بەیداخی ئازادی لەمەیدانی سەربەخۆیدا هەڵکرد"(گەلاوێژ، ژمارە ١، ساڵی -٤،ل١-٣.(

بەشێکی تری نووسینەکانی عەلائەدین سەجادی لەگۆڤاری گەلاوێژ، سێ بەشی زنجیرەیەك نووسینە کە لەژمارەکانی چوارەم ساڵی تەمەنی گەلاوێژو لەساڵی ١٩٤٣دا نووسراون لەژێر ناونیشانی جۆراوجۆری (کوردی بەناوبانگ، ئەدیبی بەناوبانگی کورد، پیرەمێرد). دەستپێکی ئەم زنجیرە نووسینەی عەلائەدین سەجادی کە لە سێ ژمارەی یەك لەدوای یەکی گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکراوەتەوە، نووسینەوەی ژیاننامەی محەمەد ئەمین زەکییەو لەژمارە (٦)ی حوزەیرانی ١٩٤٣ بڵاوکراوەتەوە.

لەدوو توێی هەشت لاپەڕەی گۆڤارەکەدا، عەلائەدین سەجادی لەوتارێکدا بەناونیشانی (کوردی بەناوبانگ: محەمەد ئەمین زەکی بەگ)، بایۆگرافییەکی بۆ ژیانو نوسینەکانی ئەمین زەکی ئامادەکردوە. دەستپێکی نووسینەکە ناساندنی ئەمین زەکییە بەخوێندەواران بەوەی کوڕی کێیەو لەکوێ لەدایکبووەو ئاستی خوێندنی چی بووەو چۆن بووەتە ئەفسەر لە سوپای دەوڵەتی عوسمانی تا گەڕانەوەی بۆ عێراقو دەستبەکاربوونی وەکو وەزیر لەچەند کابینەیەکی حکومەتی عێراقدا لەساڵانی ١٩٣٥ بۆ ١٩٤٢. بەشێکی تری نووسینەکەی عەلائەدین سەجادی تەرخانکراوە بۆ تیشك خستنە سەر نووسینو بەرهەمەکانی ئەمین زەکیو ئەو کتێبانەی چاپکراونو ئەوانەیشی دەستنووس بوون لەو کاتەدا. دوایین بەشی بایۆگرافییەکە سەبارەت بەئەمین زەکی مێژوونووسەو نووسەر ئاماژە بەبەرهەمەکانی ئەمین زەکی داوە لە بواری مێژوودا(گەلاوێژ، ژمارە٦، ساڵی٤، ل١-8(. گەرچی بۆ ئەم نووسینە ئاماژە بەهیچ سەرچاوەیەك نەدراوەو لەهەندێك شوێندا نووسەر پەیوەندی خۆیو ئەمین زەکی کردوە بەسەرچاوە بۆ راستی و دروستی زانیارییەکانی بەڵام لە ریپۆرتاژێکی رۆژنامەوانییەوە نزیکەو نووسەر بۆ جیاکردنەوەی بابەتەکە لەیەکتر دوو ناونیشانی لاوەکی بۆ داناوە کە هەڵقوڵاوی تێکستی ژێر ناونیشانەکانن. ئەڵقەی دووەمی وتاری (کوردی بەناوبانگ)ی عەلائەدین سەجادی کە لەژمارە (٧)ی تەموزی ١٩٤٣دا بڵاوکراوەتەوەو لە لاپەڕەی یەکەم تا نۆیەمی ئەو ژمارەیە بڵاوکراوەتەوە، تایبەتە بەنووسینەوەی بایۆگرافی کەسایەتییەکی دەوڵەمەندی باشوری کوردستانو شاری سلێمانی کە ئەویش عەلی کەمالە. لەوتارێکدا بەناونیشانی (کوردی بەناوبانگ عەلی کەمال بەگ)، بەهەمان تەرزی نووسینەوەی بایۆگرافی مێژوونووس ئەمین زەکی، سەجادی چەندین زانیاریی بەنرخی لەسەر ژیانی ئەو کەسایەتییە خستوەتەڕوو هەر لەشوێنی لەدایکبوونیەوە تا بنەچەی و دەستپێکی خوێندنی لە مەکتەبەی روشدیەی عەسکەریە لەسلێمانی لە ساڵی ١٩١٤و تەواوکردنی مەکتەبی عەسکەری لە ئەستەمبولو بوونی بەمامۆستا بەروتبەی ئەفسەر لەئیزمیرو شەڕکردنی لەنێو سوپای عوسمانیو گەڕانەوەی بۆ عێراق لە ساڵی ١٩٢٢. هەروەك دەستبەکاربوونی لەچەندین پۆستی سلکی پۆلیسی لەدەوڵەتی تازەدامەزراوی عێراقو بەردەوامبوونی لەوکارە تا ساڵی ١٩٣٦. دواتر وازهێنانی لە وەزیفەی میری و سەرقاڵبوونی بەکاری بازرگانییەوە(گەلاوێژ، ژمارە ٧، ساڵی -٤، ل١-٩). بەهەمان شێوەی وتاری پێشوو ئەم نوسینەی عەلائەدین سەجادیش لەسەر هەمان تەرز نووسراوەو هاوشێوەی ریپۆتاژێکی رۆژنامەنووسی دوو ناونیشانی لاوەکی بۆ دانراوە لەپاڵ ناونیشانی سەرەکی، گەرچی لەخستنەڕووی زانیارییەکان هیچ ئاماژەیەك نەدراوە بە سەرچاوەو نووسەر تەنیا بەحوکمی ناسینیی کەسیی عەلی کەمال زانیارییەکانی بڵاوکردوەتەوە.

کۆتا ئەڵقەی نووسینەکانی عەلائەدین لەساڵی ١٩٤٣ تەرخانکراوە بۆ نووسینەوەی ژیاننامەی پیرەمێرد. لێرەدا ناونیشانی وتارەکە گۆڕراوە بۆ (ئەدیبی بەناوبانگی کورد پیرەمێرد). گەرچی ناونیشانەکە گۆڕراوە بەڵام هاوشێوەی دوو وتارەکەی ژمارەکانی پێشو، عەلائەدین سەجادی بایۆگرافی پیرەمێردی شاعیری نووسیوەتەوە. دەستپێکی نووسینەکەی بەناساندنی پیرەمێرد دەستپێکردوە بەوەی کوڕی کێیەو ساڵی چەند لەدایکبوەو چونی بۆ حوجرە و دەستپێکی وەزیفەی کاتب نووسی لە سلێمانی و هەڵەبجە و شارباژێرو رۆیشتنی بۆ تورکیا و بوونی بە ئەندامی مەجلیسی عالی لەئیستەنبوڵ. دەستپێکی کاری رۆژنامەنووسی لە رۆژنامەی (کورد)و

پاشان گەڕانەوەی بۆ باشوری کوردستانو دەرکەوتنی وەکو ئەدیبو شاعیرو. چەند لاپەڕەیەکی ئەم نووسینەی سەجادی تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی چەند شیعرێکی پیرەمێردو لەدوا بەشی نووسینەکەشدا باس لەپیرەمێردو ژینو ژیان کراوەو تیشکخراوەتە سەر هەردوو رۆژنامەکە(گەلاوێژ، ژمارە٨، ساڵی٤، ل١-١٦.(

ئەم وتارەش گەرچی هاوشێوەی ئەوانی پێشوو هیچ ئاماژەیەکی تیانەدراوە بەسەرچاوەیەك بۆ راستو دروستی زانیارییەکانو بەڵکو نووسەر لەسەر بنەمای پەیوەندی کەسیی لەگەڵا پیرەمێردا پێدەچێت ئامادەی کردبێت بەڵام وەکو ریپۆرتاژێکی رۆژنامەنووسی نوسراوەو زمانێکی کورتو پوختەو بابەتەکە بەچەند ناونیشانێکی لاوەکی لەیەکتر جیاکراوەتەوە.

ئەم سێ وتارەی عەلائەدین سەجادی لەسەر سێ کەسایەتی دیاریی کورد دەکرێت بکرێنە سەرچاوەیەکی بەنرخی زانستی بۆ نووسینەوەی ژیاننامەی ئەو کەسانە بەتایبەتی کە لەکاتێکدا نووسراون، ئەو کەسانە خۆیان لەژیاندا بوونو ئەگەر هەڵەیەك یان ناڕاستییەکی تێدابووایە بێگومان راستیان دەکردەوە. هەروەك ناشزانرێت ئایا نووسەری وتارەکان بەر لەبڵاوکردنەوەی پیشانی ئەو کەسانەی داوە بۆئەوەی هەر ئیزافەیەك یان پێشنیارێکیان هەبێت لەبەرچاوبگیرێت یاخود نا؟.

لەلایەکی ترەوە، سێ بابەتی تری عەلائەدین سەجادی لە گۆڤاری گەلاوێژ، پەیوەستە بە جەژنی نەتەوەیی نەورۆزەوە. یەکەم بابەتی عەلائەدین سەجادی لەسەر نەورۆز لە ژمارە (٤٠)ی نیسانی ١٩٤٤ بەناونیشانی (جەژنی نەورۆز) بڵاوکراوەتەوە. ئەم بابەتە لە ریپۆرتاژێکی رۆژنامەنووسی دەچێت. سەرەتا بەتەرزێکی ئەدەبی، نووسەر باسی رۆژی نەورۆزی کردووەو لەو بارەیەوە نوسیویەتی: "لە رۆژی ٢٢ی مارتی ١٩٤٤دا بەرخی بەنرخی بەهاری بەهادار سەری بەنازی لەکەلی کامەرانی دەرهێنا بەنەشئەی چیمەنی چەمەنەکان تۆڤی سەرمای سەراوەکان رەوی کرد، ژیانێکی تازە بێ خەوشی سەرەونوێ بەسەردارو گوڵو گیانو دڵدا دابەشکرا، سەرەنجام زەبرو زەنگی زستان لەم رۆژەدا سەرەنگون کرا... "(گەلاوێژ، ژمارە ٤، ساڵی -٥، ل٤٢). نووسەر ئەم بابەتەی هاوشێوەی ریپۆرتاژێکی رۆژنامەوانی بەچەند ناونیشانێکی لاوەکی لەیەك جیاکردوەتەوە. بەشی دووەمی تەرخانکردوە بۆ باسکردنی نەورۆز وەکو جەژنێکی نەتەوەیی کوردستان. ناونیشانێکی تری لاوەکی نووسینەکەی سەجادی باسکردنی ئاگری نەورۆزو داکۆکی لەو راستییە دەکات کە ئاگری نەورۆز هیچ پەیوەندییەکی بە ئاییینەوە نییە. پاش ئەم گێڕانەوە مێژووییانە نووسەر بەشەکانی تری بابەتەکەی تەرخانکردوە بۆ باسکردنی ئەو چالاکییەی لە رۆژی ٢٢ی مارتی ساڵی ١٩٤٤ لە شاری بەغداد بەبۆنەی نەورۆزەوە رێکخراوە. وەکو راپۆرتەهەواڵێك، نووسەر گێڕاوەیەکی چیرۆکئامێزی بۆ چالاکییەکە کردوە کە چۆن لەسەعات چوارو چارەکی پاشنیوەڕۆوە خەڵکی پۆل پۆل رویان کردوەتە ناوچەی ئەعزەمییەوەو ژمارەیەك گەنج پێشوازییان لەبەشداربووان کردوەو پاشان لەسەعات چوارو نیو چالاکییەکانی یادەکە دەستپێکردوەو لەدەستپێکی چالاکییەدا سرودی (ئەی رەقیب وتراوەتەوەو دواتر چەند گۆرانییەك پێشکەشکراونو یادەکە بە هەڵپەڕکێ کۆتایی هاتوە(گەلاوێژ، ژمارە ٤، ساڵی -٥، ل٤٧-٤٨.(

ساڵی دواترو بەهەمان بۆنەوە، لەژمارە (٤)ی نیسانی ١٩٤٥، عەلائەدین سەجادی نووسینێکی تری هەر بەهەمان ناونیشانی (جەژنی نەورۆز) بڵاوکردوەتەوە. سەرەتای نووسینەکەی سەجادی بەزمانێکی ئەدەبی باسی نەورۆزی کردوەو ئاماژەی بەوەداوە وەکو چۆن ئەوروپاییەکان هەموو ساڵێك لەیەکەم رۆژی مانگی نیسان جەژنێکیان هەیەو میسرییە کۆنەکان رۆژی سوێربونی (نیل)یان کردوە بەجەژن، کوردیش وەکو نەتەوەیەك رۆژێکی هەیە کە هەوەڵ رۆژی بەهارە. دوابەدوای ئەم پێشەکییەو بێ دانانی هیچ ناونیشانێکی لاوەکیو تەنیا نووسینی سێ ئەستێرە، نووسەر راپۆرتە هەواڵێکی بڵاوکردوەتەوە لەبارەی ئەو چالاکییەی سەعات چواری پاشنیوەڕۆی رۆژی ٢٢ی ٣ی ١٩٤٥ لەبەغدا بەڕێوەچووەو گەنجو خوێندەوارو پیاوماقوڵە کوردەکانی بەغدادو ژمارەیەك لەوەزیرو کاربەدەستانی عێراقو دەسەڵاتی ئینگلیز بەشدارییان تێدا کردوە کە لەهۆڵی (مەلیك فەیسەڵ) بەڕێوەچووە. ستایشی گەنجەکانی کردوە کە لەوچالاکییەدا خزمەتی زۆری میوانەکانیان کردوەو ئاشکراشیکردوە، لەمیانی چالاکییەکەدا چەند وتارو سەمایەكو پارچە موزیکێکی کوردیو بیانیو هەڵپەڕکێو گۆرانی کوردی پێشکەشکراوەو چالاکییەکە تا سەعات ١٢ی شەو بەردەوامبووە بەهەڵپەڕکێو گۆرانی.

لەدوابەشی ئەم راپۆرتە هەواڵییەدا باس لەو چالاکییەش کراوە کە رۆژی ٢١ی ٣ی ١٩٤٥، لەکەرکوك بەبۆنەی نەورۆزەوە بەڕێوەچووەو سەعات چواری پاشنیوەڕۆ خەڵكو کەسانی ئیداریو سەربازیی شارەکە لەسەر کانیاوەکەی ژووری شار کۆبوونەوەتەوە. ئاماژەی بەوەشداوە لەم چالاکییەدا شیعر خوێندراوەتەوەو گۆرانی پێشکەشکراوەو بەشداربووان هەڵپەڕیونو چالاکییەکەش دوو سەعاتی خایاندووە(گەلاوێژ، ژمارە ٤، ساڵی -٦، ل٤٢-٤٦). ئەوەی جێی سەرنجە لە لاپەڕ (٤٧)ی هەمان ژمارە، وێنەیەکی چالاکییەکەی نەورۆزی بەغداد بڵاوکراوەتەوە کە چالاکییەکی هەڵپەڕکێی گەنجانەو ئاماژە بەوەدراوە سەرپەرشتیاری تیپی هەڵپەڕکێکە یئەمین جزیرییەو وێنەکە گەلاوێژ ئیراهیم عیسا گرتویەتی.

دوو ساڵ دواترو لە ژمارە (٤)ی نیسانی ١٩٤٧، عەلائەدین سەجادی هەر بەناونیشانی (جەژنی نەورۆز) بابەتێکی بڵاوکردووەتەوە. سەرەتای وتارەکەیشی بە وەڵامدانەوەی خاوەنی یەکێك لە رۆژنامەکانی بەغداد دەستپێکردوە کە وتویەتی جەژنی نەورۆز شتێکی بێ ماناو بێ دینییەو نوسیویەتی: "ئەمە شتێکی زۆر سەیرە ئێمە نازانین جەژنی نەورۆز چی داوە بەسەر مەجوسەوە؟ وەکێ ئەم قسەیەی خستوەتە ناوەوە؟ نازانین رۆژی نەورۆز رۆژی لەدایکبونی زەردەشتە، یا رۆژی سەرەتای پێغەمبەریەتی، یا رۆژێکە کە ئەو وتویە بیکەن بەجەژن؟ بێگومان ئەمانە هیچیان نییە بەڵام ئەوەندە هەیە کوردستان لەبەر کوێستانیو ئاوو هەوای ئەم جەژنەی لەپێش زەردەشتیشا دیوەو ئێستەش لەهەمو سوچێکی کوردەوارییەوە هەر چاویان لێیە... "(گەلاوێژ، ژمارە٤، ساڵی ٨، ل٤١). هەر لەو نووسینەیدا، سەجادی ئاماژەی بەنووسینێکی ئەمین زەکی کردوە کە لە ژمارە یەکی ساڵی ١٩٤٣ بڵاوکراوەتەوە لەگەڵ دوو نوسینەکەی خۆی سەبارەت بەنەورۆز. هەروەك بەشێکی لەنوسینێکی خۆی کردوە بەکوردیو دایناوەتەوە کە رۆژی ٢٨ی مارتی ١٩٤٧ لە رۆژنامەی (الشعب) بەزمانی عەرەبی نووسیویەتی.

هاوشێوەی نووسینەکانی تری لەسەر جەژنی نەورۆز، بەشی کۆتایی ئەم نووسینەی عەلائەدین سەجادی تەرخانکراوە بۆ باسکردنی چالاکییەکانی نەورۆز بەڵام لەم نووسینەیدا باسی چەند شوێنێکی تریش کراوە. لەو چوارچێوەیەدا نووسەر باسی ئەو چالاکییەی کردووە کە سەعات ٣ی پاشنیوەڕۆی رۆژی ٣١ی ٣ی ١٩٤٧ لەهۆڵی (مەلیك فەیسەڵ) لەبەغداد رێکخراوە. لەژێر ناونیشانێکی لاوەکی (جەژنی نەورۆز لەشارەکان) نووسەر راپۆرتێکی چڕوپڕی لەسەر چالاکییەکانی

نەورۆز لەچەند شارێك لەو ساڵەدا ئامادەکردوە. لەو روەوە باس لەوەکراوە رۆژی ٢١ی ٣ی ١٩٤٧ لە کفری لەدەوروبەری دەشتی مەجید پاشا لەسەعات یەکی پاشنیوەڕۆ خەڵك کۆبونەتەوە بەبۆنەی نەورۆزەوە. لەکۆیەش کە ئەو بەکویسنجەق ناوی بردوە، هەر لەو رۆژەدا چالاکییەکی یاری کردنو شیعر خوێندنەوە لەدەشتەکەی تەنیشتی رێکخراوە. لەهەولێر رۆژی ٢٢ی ٣ی ١٩٤٧، خەڵكو کاربەدەستان لەمەیدانی ماڵی داودئاغا کۆبونەتەوەو جگەرەو خواردەمەنی دابەشکراوەو وتار پێشکەشکراوەو بەشداربووان هەڵپەڕیون. دوایین چالاکی ئەو بۆنەیەش کە لەم نووسینەدا باسی لێوەکراوە، چالاکییەك بووە بەبۆنەی نەورۆزەوە کە رۆژی ٢٢ی ٣ی ١٩٤٧ لە رەواندوز رێکخراوە. سەعات ٢ی پاشنیوەڕۆ خەڵكو کاربەدەستانو پیاوماقوڵان لەقەراخ شار کۆبونەتەوەو شیعرو گۆرانی پێشکەشکراوە بەبۆنەی نەورۆزەوە.

ئەم نووسینەی عەلائەدین سەجادی دەکرێت بە راپۆرتێکی هەواڵی رۆژنامەوانی لەبارەی چالاکییەکانی نەورۆز لەو ساڵە لەقەڵەم بدرێت و بەهایەکی گەورەی مێژوویی‌و رۆژنامەوانی هەیەو لەکۆتایی نووسینەکەشدا نووسەر ئاماژەی بەوەکردوە لەبەرئەوەی لەشوێنەکانی ترەوە هیچیان بۆ نەهاتوە لەبارەی چالاکییەکانی نەورۆزەوە بۆیە نەیانتوانیوە هیچ بنووسن بێ ئەوەی ئاماژە بەناوی ئەو کەسانەدا بدات کە زانیاریی لەبارەی ئەم چالاکییانەی خراوەتەڕوو داوەتە گۆڤاری گەلاوێژ. عەلائەدین سەجادی لەپەرەگرافی کۆتایی نووسینەکەی لەبارەی نەورۆز، نووسیویەتی ئەم کۆبوونەوانە" هەموو شعورێکی دیموکراسی‌و قەومی پیشان ئەداو لەهەمویانا نزای پایەداری مەلیکە خۆشەویستەکەمان (خاوەن شکۆ) مەلیك فەیسەڵو سموی وەصی‌و وەلیعەهدی گەورە کراوە"(گەلاوێژ، ژمارە ٤، ساڵی -٨،ل٤٧). هەر لەو چوارچێوەیەدا دەکرێت، چەند نووسینێکی تری عەلائەدین سەجادی لە گۆڤاری گەلاوێژ وەکو راپۆرتی رۆژنامەوانی لەقەڵەم بدرێت، کەتیایدا نووسەر وەکو پەیامنێرێکی رۆژنامەنووسی وەسفی ئەو دیمەنە سروشتییانەی کردوە کە لەمیانی گەشتە رۆژنامەنووسیەکەیدا بینیویەتی. بابەتی یەکەمی بەناونیشانی (لەسولەیمانی) لە ژمارە (١٠)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦ بڵاوکردوەتەوە.

لەو نووسینەدا، سەجادی باسی لەوەکردوە کە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی‌و شەوێك لەئوتێکی ئەو شارە ماوەتەوەو پرسی (ئابونەی گەلاوێژ)ی چارەسەرکردوە. ئاماژەی بەوەشداوە لەو سەردانەیدا سەردانی ناوەندەکانی خوێندنی کردوەو دڵخۆشی خۆی نەشاردوەتەوە بەوەی خەڵك حەزیان لەخوێندنە. ئاشکراشیکردوە دوای ئەوەی جەنگی دووەمی جیهان کۆتایی هاتوە، ئەو سەردەمە جوڵانەوەیەکی دروستکردنی خانوبەرەو دوکانو بازاڕ لەشاری سلێمانی دەستیپێکردوەو داوای لەشارەوانیش کردوە تواناکانی بەگەڕبخات بۆ رێکخستنەوەی شارو کۆکردنەوەی خۆڵو خاشاك. هەر لەو نووسینەیدا، عەلائەدین سەجادی باسی لەوەکردوە قسەی سەر زاری خەڵکی لەو رۆژانە لێقەوماوانی پێنجوێنو کۆکردنەوەی پارەو هاوکارییە بۆیان بەتایبەتی لەهەولێر، کە دیارە مەبەستی نووسەر ئەو بومەلەرزەیەیە ساڵی ١٩٤٦ لە پێنجوێنی داوە. هەروەك ئاماژەی بەو سەردانەش کردوە کە وەصی گەورە بۆ پێنجوێن کردویەتی. ئاشکراشیکردوە لەگەڵ شێخ محەمەدی خاڵ بەیەکەوە گەڕاونەتەوە بۆ بەغدادو لەچەمچەماڵ لایانداوەو ئابوونەی گۆڤارەکەی بەشداربووانی چەمچەماڵی لەقایمقام نازم وەنداوی وەرگرتوەتەوە(گەلاوێژ، ژمارە ١٠، ساڵی -٧، ل٥٧-٦٠.(

نووسینێکی تری هاوشێوەی عەلائەدین سەجادی، باسکردنی سەردانێکیەتی بۆ هەڵەبجە لە ژێر ناونیشانی (لە سولەیمانی بەهەڵەبجەوە) کە لە ژمارە (٩-١٠) ی ئەیلول‌و تشرینی یەکەمی ١٩٤٧ بڵاوکراوەتەوە. لەم نووسینەیدا نووسەر بەزمانێکی ئەدەبی باس لەسەردانێکی بۆ سلێمانی‌و هەڵەبجە دەکات لەگەڵ دیداری چەند دۆستو ناسیاوێکی لەو دوو شارە. هەر لەنوسینەکەیدا داتایەکی لەبارەی ژمارەی قوتابخانەو قوتابی‌و مامۆستاکانی ناو سلێمانی‌و دەرەوەی سلێمانی‌و هەڵەبجەو پێنجوێن بڵاوکردوەتەوە. هەروەك باسی لەکارەکانی شارەوانی‌و کارەباو ئەوقافو پۆستەخانە کردوەو بەناونیشانی لاوەکی ناوی ئەو شوێنانەی داناوە. بەشێکی نوسینەکەیشی تەرخانکردوە بۆ باسکردنی سەردانێکی بۆ سەرچنارو خراپی رێگاوبانی سلێمانی‌و هەڵەبجەشی باسکردوە(گەلاوێژ، ژمارە ٩- ١٠، ساڵی -٨،، ل٥٧-٦٠.(

هەر لەو چوارچێوەیەدا، عەلائەدین سەجادی لەنووسینێکدا بەناونیشانی (لەهەولێر) باسی سەردانێکی خۆی کردوە بۆ شاری هەولێر. ئەم نووسینەی لە ژمارە (١١)ی تشرینی دووەمی ١٩٤٧ بڵاوکراوەتەوە. دەستپێکی نوسینەکەی باس لەوەدەکات لەکەرکوکەوە بە ئۆتۆمبیلێکی تایبەتی گەشتیان بۆ هەولێر کردوە بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی ئابونە. لەنووسینەکەیدا سەجادی باسی لەوەکردوە سەردانی خوێندنگایەکی کردوە بەڵام مودیرەکەی خولکی نەکردوە بچێتە ناو پۆلەکانەوە. لەگەڵا ئەوەشدا باس لەوەدەکات کە پرۆسەی پەروەردە پێویستی بەمامۆستایەو ناوەندەکانی خوێندنیش پێویستیان بەبڕێك کەلوپەل هەیە. رەخنەی لەشارەوانی هەولێر گرتوە کە لەئاست پێویستدا نییەو کارەبای شارەکەش وەکو پێویست نییەو رووناکی گڵۆپەکان لاوازن(گەلاوێژ، ژمارە ١١، ساڵی -٨، ل٦٠-٦٤.(

لەدوو وتاری تریدا کە لەگۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکراونەتەوە، عەلائەدین سەجادی باس لە دیاردەی نەخوێندەواری‌و ئازادیی دەکات.لەوتاری یەکەمی کە بەناونیشانی (نەخوێندەواری)یەو لە ژمارە ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٧ بڵاوکراوەتەوە، نووسەر باس لەنەهامەتییەکانی نەخوێندەواری دەکاتو مەترسییەکانی نەخوێندەواری خستوەتەڕوو بەوەی هەژاری‌و نەخۆشی دوو لقی شومی نەخوێندەوارین. هەر لە نووسینەکەیدا رووی دەمی دەکاتە تۆفیق وەهبی کەئەوکاتە بوەتە وەزیری پەروەردەی عێراق کە بە(مەعاریف) ناسرابوو بایەخی زیاتر بەپرۆسەی خوێندنی کوردی بدات. ئاماژەی بەوەشداوە کە پرۆسەی خوێندن لەکوردستان کێشەو گرفتی زۆرەو ئومێدەوارن وەزیری مەعاریف بەجدی کاربکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە(گەلاوێژ، ژمارە١٢، ساڵی-٨، ل٦٠-٦٤.(

لەوتارەکەیشی کە بەناونیشانی (لەپێناو ئازادیدا)یە، عەلائەدین سەجادی باس لە بەرخودانی لاوانی کورد دەکات لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادیی‌و خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٤٨ی بەغداد لەدژی پەیماننامەی پۆرتسمۆس. ئاماژەی داوە بەکوژرانی یەکێك لەلاوەکانی سلێمانی لەو خۆپیشاندانانە کە ناوی (عەبدولقادر عەبدوڵا) بوە لەسەر پردی مەئمون لەناوشاری بەغداد(گەلاوێژ، ژمارە ٢، ساڵی -٩،ل٢٩-٣٢.(

عەلائەدین سەجادی جگە لەم وتارو بابەتە رۆژنامەوانییانە سێ چیرۆکی لە ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکردوەتەوە. گەلاوێر هەروەکو خۆی ناساندووە بە مانگانەیەکی رۆشنبیری، بایەخێکی زۆری داوە بەبڵاوکردنەوەی چیرۆکی چیرۆکنوسانی کوردو چیرۆکی وەرگێڕاوی جیهانی. لەو سۆنگەیەشەوە لە زۆرینەی ژمارەکانی

گۆڤارەکەدا لەژێر بابەتی (چیرۆکی ئەم مانگە) ژمارەیەکی زۆری چیرۆکی کوردی بڵاوکراوەتەوە. لەنێو خەرمانی ئەو چیرۆکە بڵاوکراوانەش، سێ چیرۆکی عەلائەدین سەجادی بەرچاودەکەون بەناونیشانی (شاییەکەی رەشەی خەجەلاو) کە لە ژمارە (١٢)ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦دا لەلاپەڕەکانی (٦٥-٧٢) بڵاوکراوەتەوە. چیرۆکی دووەمی سەجادی هەر لەژێر هەمان بابەتو بەناویشانی (بۆچی نەچووین بۆ کوێستان) لە ژمارە (٣)ی مارتی ١٩٤٧ لە لاپەڕەکانی (٦٥-٧٢) بڵاوکراوەتەوە. ئەم دوو چیرۆکە بەقەبارەیەکی چونیەكو لە (٨) لاپەڕەی گۆڤارەکانی گەلاوێژدا بڵاوکراونەتەوە، لەکاتێکدا چیرۆکی سێیەمی بەناونیشانی (جەوهەرئاغا) لە ژمارە (٦)ی حوزەیرانی ١٩٤٩ لەلاپەڕە (٦٢-٧٢) بڵاوکراوەتەوە.

عەلائەدین سەجادی گەرچی زۆرینەی هەرەزۆری بەرهەمە بڵاوکراوەکانی لە گۆڤاری گەلاوێژ لە نوسینی خۆیەتی بەڵام سێ بابەتی لەسەرچاوەی ترو وەرگێڕراوە. تاکە بابەتی وەرگێراویشی بەناونیشانی (تطور (گۆڕینی) علمی اجتماع)ەو لە ژمارە کانی (٥-٦) مایسو حوزەیرانی ١٩٤٢ بڵاوکردوەتەوە. وەکو لەدەستپێکی وتارەکە ئاماژەی پێدراوە ئەم بابەتە لە گۆڤاری (الرسالة)وە وەرگیراوەو عەلائەدین سەجادی کردویەتی بەکوردی بێ ئەوەی ئاماژە بە ژمارەی گۆڤارەکەی ریسالەو بەروارەکەی و ناوی نوسەرەکەی بدرێت(گەلاوێژ، ژمارە ٥-٦، ساڵی -٣،ل١٠-١٤).

دوو بابەتەکەی تریش بەناونیشانی (نمونەی بلیمەتی)و ((نێرراو) ئەبێ چۆنی بێ؟) لەدوو ژمارەی تری گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکراونەتەوە. وەکو نووسەر ئاماژەی پێداوە، هەردوو نووسینەکە لەچەندین سەرچاوەوە وەرگیراوە. لەوتاری یەکەمدا کە لەژمارە (١)ی کانونی دوەمی ١٩٤٤ بڵاوکراوەتەوە، عەلائەدین سەجادی چەمکی بلیمەتی روونکردوەتەوەو تیشکی خستوەتە سەر بەخێوکردنی منداڵ بە جۆرێك کە بلیمەت دەربچن. ئەو بۆچوونە دواکەوتوانەیەشی رەتکردوەتەوە کە لەکوردستان باوبوە (منداڵیان بەسەرخۆ) ناوزەد کردوە. عەلائەدین سەجادی لەم وتارەیدا کە دەکرێت بەوتارێکی پەروەردەیی لەقەڵەمبدرێت، ناوی بەشێك لەکەسە بلیمەتەکانی جیهانی هێناوەو خوێندەوارانی گۆڤاری گەلاوێژی پێئاشناکردون لەوانە جۆن ستیوارت مێلو ئیسحاق نیوتن...هتد(گەلاوێژ، ژمارە١، ساڵی -٥،ل٢٤-٣٠).

لەوتاری دووەمی نووسەر کە تایبەتە بەتایبەتمەندییەکانی پەرلەمانتارەکانو دەکرێت بەوتارێکی رامیاریی ناوزەدبکرێت، عەلائەدین سەجادی ئەرکو تایبەتمەندییەکانی پەرلەمانتارانی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق خستوەتەڕوو. لەبەشێکی نوسینەکەیدا هاتووە "نێراو لەحەقیقەدا دانەری قانونە، پێویستە عیلمی حقوق بزانێ، ئەبێ بزوتنەوەی پەرلەمانی میلەتە گەورەکانی ئاگا لێ بێ، ئەبێ تەئریخو اجتماعیاتی قەومەکەی بزانێ، بزانێ چی ئەبێتە هۆی بەرزبوونەوەو نزمبونەوەیان، ئەبێ ئاگاداری ئەو علاقاتانە بێ کە لەبەینی حکومەتەکەی ئێمەو دراوسێکانیا هەیە، ئەبێ شارەزابێ بەسەر ئەو معاهداتو قسەوباسەدا کە لەبەینی ئێمو ئەوانا روی داوە، ئاگای لەو ئیمتیازانە بێ کەپێیان داوینو لێیان وەرگرتوین"( گەلاوێژ، ژمارە١، ساڵی ٨، ل٤٥). هەر لەو وتارەدا عەلائەدین سەجادی بەپشتبەستن بەو سەرچاوانەی زانیارییەکانی لێوەرگرتوە، نۆ تایبەتمەندیو مەرجی بۆ هەر کەسێك دیاریکراوە کە دەبێتە نێرراو یان نوێنەر لەپەرلەمان(گەلاوێژ، ژمارە١، ساڵی ٨، ل٤٤-٤٩.(

بابەتێکی تری بڵاوکراوەی عەلائەدین سەجادی لەگۆڤاری گەلاوێژ، بریتییە لە وتارێکی ئەدەبی بەناونیشانی (دیمەنێك لەبەهاری کوردستان) کە بەزمانێکی ئەدەبی وەسفی هاتنی بەهارو دیمەنە دڵرفێنەکانی کوردستان دەکات(گەلاوێژ، ژمارە ٣-، ساڵی -٤، ل١٣-١٦). دوایین سێ بابەتی سەجادی، پەیوەستە بەوەڵامدانەوەو مشتومڕ لەبارەی نووسین بەزمانی کوردیو چۆنیەتی ئیدارەدانی گۆڤاری گەلاوێژ. لەو وتارەی بەناونیشانی (نوسینی کوردی) کە لەژمارە ١ی کانونی دوەمی ١٩٤٥ی گەلاوێژ بڵاوکراوەتەوە، عەلائەدین سەجادی ئاماژەی بەبابەتێك کردوە کە لە ژمارە (٣و٤)ی ساڵی یەکەمی گۆڤاری (نیشتمان) لەژێر ناونیشانی کوردی (دەبێ چۆن بنوسرێ) بڵاوکراوەتەوە. نووسەر چەند بۆچونێکی هەڵەی نوسەری بابەتەکەی گۆڤاری نیشتمان سەبارەت بە نووسینی هەردوو زمانی عارەبیو فارسی خستوەتەڕوو(گەلاوێژ، ژمارە ١، ساڵی٦، ل٤٣-٥١). بابەتەکەی تری عەلائەدین سەجادی لەژێر ناونیشانی (دیسان گەلاوێژ)و دادوبێدادیەتی لەسەر پرسی نەدانی ئابونە لەکاتێکدا تەمەنی گۆڤارەکە دەبێتە دەساڵ. ئاماژەی بەهەندێ کەس کردوە گوایە بەقسەی زلو فیشال هیچیان نەهێشتوەتەوە لەباسی کوردایەتی بەڵام ئامادەنین ئابونەی چەندین ساڵی گۆڤاری گەلاوێژ بدەن(گەلاوێژ، ژمارە ١٢،ساڵی ٩، ل٦٥-٧٢). دوایین بابەتی بڵاوکراوە بەناوی عەلائەدین سەجادی لەگۆڤاری گەلاوێژ بەناونیشانی (پرسیارو وەڵامێك)ە کەتیایدا مودیری ئیدارەو نوسینی گۆڤارەکە وەڵامی مەتەڵێکی خوێنەرێکی داوەتەوە بەناوی حسێن فەهمی جافو ئاماژەی بەوەشداوە ئەگەر مەتەڵەکە بزانن، دوو ئابونەی زیاتری گۆڤاری گەلاوێژ دەدات. عەلائەدین سەجادیش وەڵامی ئەو کەسەو مەتەڵەکەی داوەتەوە(گەلاوێژ، ژمارە ٥، ساڵی ٩، ل٤٩-٥٠).

*دەرئەنجام:

١-عەلائەددین سەجادی یەکێکە لەنووسەرو ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیرە گەورەکانی گەلی کورد لەسەدەی بیستەمدا، کە بە خامەکەی چەندین کتێب و گۆڤار و بەرهەمی هەمەجۆری ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی بەئامانجی پێشخستنی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی نووسیووە. کەلەماوەی ٣١ ساڵدا زیاتر لە ٢١ کتێب و بەرهەمی داناوە. جگە لەدەرکردنی دوو گۆڤار بەناوەکانی (گەلاوێژ و نزار).

٢-عەلائەدین سەجادی لەسەرەتاوە بەکاری سەرپەرشتیکردنی چاپ و هەڵەچنی لە گۆڤاری گەلاوێژ دەستیپێکردوە. لەگەڵا دەستبەکاربوونیشی لەساڵی سێیەمی تەمەنی گەلاوێژ، هەموو دوو مانگێك بەرگێك چاپکراوە و لەساڵی چوارەمی تەمەنی گۆڤارەکەشەوە تا راگرتنی بەهۆی هەلومەرجی سیاسیی ئەو کاتەی عێراقەوە، هەموو مانگێك گۆڤاری گەلاوێژ تا رادەیەکی زۆر لەوادەی خۆیدا دەرکراوە.

٣-حەزو خۆشەویستی عەلائەدین سەجادی بۆ کاری رۆژنامەوانی، وایکردوە لەکارێکی ئیدارییەوە، ببێتە کارەکتەرێکی سەرەکی دەرکردنی گۆڤاری گەلاوێژ و ماوەی چەندین ساڵ بەڕێوەبەری نوسینی گۆڤاری گەلاوێژ بێت.

٤-کەسێتیی سەجادی لەگۆڤاری گەلاوێژدا زیاتر وەکو نووسەر و ئەدیبێك دەردەکەوێت، کە وتاری ئەدەبی و چیرۆکی تێیدا نووسیوە، بەڵام لەگۆڤاری نزاردا کە خۆی سەرنووسەری بووە تەواو رۆژنامەنووسێکی کارا و کارامە بووە، کەدەیان وتاری سیاسی تێیدا بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نووسیوە و رەخنەی لەدەسەڵاتدارانی سەردەمی پاشایەتی عێراق گرتووە.

٥-سەجادی وەکو رۆژنامەنووسێك چەندین هەواڵ و راپۆرتە هەواڵی مەیدانی و چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی لەگۆڤاری نزاردا بڵاوکردۆتەوە.

٦-داخستنی هەردوو گۆڤارەکە (گەلاوێژ و نزار) لەساڵی ١٩٤٩دا پەیوەست بووە بەو هەلومەرجە سیاسییەی، کە لەو کاتەدا عێراق پێدا تێپەڕیوە و حوکمی عورفیی سەربازی تێدا راگەیەنراوە، بەهۆیەوە سەرجەم گۆڤار و رۆژنامەکان کە ژمارەیان ٢٣٧ گۆڤار و رۆژنامە بووە بەفەرمانی دادگای سەربازی و (نوری سەعید)ی سەرۆك وەزیران داخراون.

*سەرچاوەکان:


یەکەم/ کتێب بەزمانی کوردی:

١-دانا عەلادین سەجادی، یادی سەجادی، چاپخانەی ئیشبیلیە، بەغداد، ١٩٨٧.

٢-سدیق ساڵح، رەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی یەکەم (ساڵی یەکەم)، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٦.

٣-سدیق ساڵح، رەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی دووەم (ساڵی دووەم)، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٦.

٤-سدیق ساڵح، رەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی سێیەم (ساڵی سێیەم)، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٦.

٥-سدیق ساڵح، رەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی چوارەم/بەشی یەکەم (ساڵی چوارەم)، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٦.

٦-سدیق ساڵح، رەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی چوارەم/بەشی دووەم (ساڵی چوارەم)، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٦.

٧-سدیق ساڵح، رەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی پێنجەم/بەشی یەکەم (ساڵی پێنجەم)، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٦.

٨-سدیق ساڵح، رەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی پێنجەم/بەشی دووەم (ساڵی پێنجەم)، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٦.

٩-سدیق ساڵح، رەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی شەشەم/بەشی یەکەم (ساڵی شەشەم)، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٦.

١٠-سدیق ساڵح، رەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی شەشەم/بەشی دووەم (ساڵی شەشەم)، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٦.

١١-سدیق ساڵح، رەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی حەوتەم/بەشی یەکەم (ساڵی حەوتەم)، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٦.

١٢-سدیق ساڵح، رەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی حەوتەم/بەشی دووەم (ساڵی حەوتەم)، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٦.

١٣-سدیق ساڵح، رەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی هەشتەم/بەشی یەکەم (ساڵی هەشتەم)، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٦.

١٤-سدیق ساڵح، رەفیق ساڵح و عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی هەشتەم/بەشی دووەم (ساڵی هەشتەم)، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٦.

١٥-سدیق ساڵح، رەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی نۆیەم/بەشی یەکەم (ساڵی نۆیەم)، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٦.

١٦-سدیق ساڵح، رەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی نۆیەم /بەشی دووەم (ساڵی نۆیەم)، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٦.

١٧-سدیق ساڵح، رەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی دەیەم (ساڵی دەیەم)، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٦.

١٨-سدیق ساڵح، رەفیق ساڵحو عەبدوڵا زەنگەنە، گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی یازدەیەم، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٦.

١٩-سدیق ساڵەح، کۆکردنەوەی سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری نزار، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٢٠-عەبدوڵلا زەنگەنە، سەرجەمی بەرهەمە رۆژنامەنووسییەکانی شەهید جەبار جەباری، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٠.

دووەم/ کتێب بەزمانی عەرەبی:

١-عبدالرزاق الحسني، تأريخ الوزارات العراقية، المجلد السابع، الطبعة الخامسة، بيروت، ١٩٧٨.

٢-فيصل حسون، صحافة العراق مابين عامي ١٩٤٥-١٩٧٠، دار المدي، بغداد، ٢٠٠٨.

چوارەم/ گۆڤار:

عەلادین سەجادی..ڕووناکیەکی پێشەنگ، ڕۆڤار، ژمارە ٢٨، ٢٠٠٤/٢/٢٥.

پێنجەم/ ڕۆژنامە و بڵاوکراوە:

١- بڵاوکراوەی سەروا پاشکۆی ڕۆژنامەی کۆمەڵ ، ژمارە ٥، ٢٠١٠/١٠/٥.

-2كمال مظهر احمد، من ذكرياتهم، (كەلاويز) في لقاء مع الاستاذ علاء الدين سجادي، جريدة التآخي، بغداد، العدد ١٤٤٩، الاثنين ١ تشرين الأول 1973.


دور علاءالدين السجادي في مجال الثقافة والصحافة الكوردية

مجلتا كلاويز ونزار (١٩٣٩-١٩٤٩) انموذجا

دراسة وصفية مقارنة


خلاصة البحث:

هذه الدراسة التي بين ايديكم عبارة عن بحث صحفي يتحدث عن دور شخصية كوردية كبيرة ومثقف كوردي في مجال الثقافة والصحافة الكوردية الا وهو العالم الديني الكبير والكاتب الشهير والصحفي البارز الأستاذ (علاءالدين السجادي).

في هذا البحث اخذنا مجلتي (كلاويز ونزار) كنموذج لبحثنا، وهما صدرتا في بغداد بين اعوام (١٩٣٩-١٩٤٩) (اي: لمدة ١٠ سنوات) وكان السجادي مدير التحرير ورئيس تحريرهما.
تكمن اهمية البحث في دراسة موضوع دور و موقع (علاءالدين السجادي) في مجال الثقافة والصحافة الكوردية بشكل اكاديمي وعلمي.
والهدف من اجراء هذا البحث هو محاولة تحديد دور الشخصية المذكورة في الصحافة الكوردية بين اعوام (١٩٣٩-١٩٤٩). مع الإشارة الى اهم نتاجاته ومؤلفاته العلمية والصحفية في تلك الفترة الزمنية.
المنهج المستخدم في هذا البحث هو المنهج الوصفي من نوع المنهج المقارن والتاريخي.

الكلمات المفتاحية: دور، علاءالدين السجادي، الثقافة، الصحافة الكوردية.

The Role of Aladding Sajadi in the spheare of thought and Kurdish's journalism
Galawezh and Nzar magazines (1939-1949) as a sample

Abstract:
This study is a journalism research focus on the role of a significant character and Kurdish thinker in terms of thought and Kurdish's journalism, who is an author and cleric (Alaadin Sajadi). In this study the two magazines (Galawezh & Nzar) is taken as a sample; that was their editing manager and editor in chief from the year 1939 to 1949. The importance of this study lies on the fact that until now the role and position Alaadin Sajadi in the Kurdish journalism has not studied academically. As well as his journalistic works in the two above magazines. Therefore, the aim of this study is a scientific attempt of showing and determining the role of Sajadi in the Kurdish journalism between the years 1939 to 1949. In addition to, the study is an attempt on focusing his products and his attempts regarding developing the Kurdish thought via printing and publishing books and his workings in the past.
The method used by the researcher for achieving this study is descriptive from both comparative and historical.

*Key Words: The role, Aladdin Sajadi , Cultural, Kurdish journalism.